# توێژینەوەکانی
# کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتیی
# جینۆسایدی گەلی کوردستان
# (جینوسایدی کوردی فەیلی)

GENOCIDE.KRD

زانكۆی سەلاحەدین

زانكۆی دهۆك

زانكۆی سوران

زنجیرە پەرتووكی كونفرانسیی جینوسایدی كوردی فەیلی (1)

GFK

# كۆنفرانسی زانستیی نێودەولەتیی جینوسایدی گەلی كوردستان

## (جینوسایدی كوردی فەیلی)

هەولێر 2 ـ 2023/5/4

# توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتیی
# جینۆسایدی گەلی کوردستان
# (جینوسایدی کوردی فەیلی)

**سەرپەرشتیکردن**

پ. ی . د. سالم جاسم حاجی    پ. د. صلاح محمد سلیم

پ. د. نشوان شکری عبدالله    د. ازاد سالم محمد

پ. ی. د. عبدالرحمن کریم دەروێش

- تویژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی نێودەولەتیی
جینۆسایدی گەلی کوردستان (جینوسایدی کوردی فەیلی) (4)
- سەرپەرشتیکردن: پ. ی . د. سالم جاسم حاجی پ. د. صلاح محمد سلیم
پ. د. نشوان شكری عبدالله د. ازاد سالم محمد
پ. ی. د. عبدالرحمن كریم دەروێش
- دیزاین: ناجی بدل
- ژمارا سپاردنێ: (D-/2714/23)
- مافێ چاپ و بەلاڤکرنێ بۆ زانکۆیا دهۆك - سەنتەرێ ڤەکۆلینێن جینوسایدێ د پاراستینە

https://genocide.krd
info@genocide.krd
/https://www.facebook.com/people/GENOCIDEkrd
009647511101241

سەنتەرێ ڤەکۆلینێن جینوسایدێ / زانکۆیا دهۆك - کومەلگەها زانکۆیێ - جادا زاخو 38 - ئاڤاهیێ پەرتوکخانا مەلبەندی - قاتێ دووێ.

# توێژینەوەکانی
# کۆنفرانسی زانستیی نێودەولەتیی
# جینۆسایدی گەلی کوردستان
# (جینوسایدی کوردی فەیلی)

# لیژنەی ئامادەکاری

| | |
|---|---|
| پ. ی. د. عبدالرحمن کریم دەروێش | زانکۆی سۆران |
| پ. د. مصطفی صابر عەتار | زانکۆی سەڵاحەددین |
| پ. د. نەشوان شکری عبدلله | زانکۆی دهۆك |
| پ. د. سیروان جەبار ئەمین زەند | زانکۆی سۆران |
| پ. ی. د. میدیا ئیبراهیم فەتاح | زانکۆی سۆران |
| پ. ی. د. کارزان عبدالمحسن محمد | زانکۆی سەڵاحەددین |
| پ. ی. د. سالم جاسم | زانکۆی دهۆك |
| پ. ی. د. خەلیل مصطفی عوسمان | زانکۆی دهۆك |
| پ. ی. د. شاری خالید | زانکۆی سۆران |
| د. ازاد سالم محمد | زانکۆی دهۆك |
| م. ی ئامانج نەجمەدین عبدالغفور | زانکۆی سەڵاحەددین |
| سامي سالم محمد | زانکۆی دهۆك |

# لیژنەی زانستی

| | |
|---|---|
| پ. د. محمد احسان | کۆلیژی شاهنشاهی\ لەندنی |
| پ. د. مارتن فان برونسن | زانکۆی نیشتیمانی- سنگافوره |
| پ. د. عبدالفتاح بۆتانی | ئەکادیمیای کوردی |
| پ. د. ئیسماعیل قمندار | زانکۆی پاریس جۆسیو- فرنسا |
| پ. د. ئەنطونیو جیرونیمو باریوس | کوستاریکا |
| پ.د. شریفه کلاع | زانکۆی جەزائیر -3 جزائیر |
| پ. د. دیاری صالح مجید | زانکۆی موستەنصریه |
| پ. د. قادر محمد حسن | زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر |
| پ. د. صلاح محمد سلیم | زانکۆی دهۆك |
| پ. د. مها حسن بکر | زانکۆی سەڵاحەدین- هەولێر |
| پ. د. ناز بدرخان سندی | زانکۆی بەغداد |
| پ. د. صباح عباس جاسم | زانکۆی بوکیکنگهام- لندن |
| پ. د. محمد صبری صالح | زانکۆی دهۆك |
| پ. د. حسین عبد عیسی | زانکۆی سلێمانی |
| پ. د. مارینا چافۆنتاکی | زانکۆی لینکۆڵن- ئینگلترا |
| پ. د. ساڵح ئاکین | زانکۆی ڕوان نۆرمەندی - فەڕەنسا |
| پ. د. ساشا بورژوا ژێرۆندە | زانکۆی پاریس پانتیۆن |
| پ. د. هادی ئومێد فەیلی | زانکۆی ئەمریکی نیودەوڵەتی لە لەندەن |
| پ. د. محمود محمد زاید | زانکۆی ئەزهەر- قاهره |
| پ. د. دانێلا ئیریرا | زانکۆی کاتانیا- ئیتالیا |
| پ. ی. د. دایان کینگ | زانکۆی کینتاکی |
| پ. ی. د. بەهار بصیر | زانکۆی دوورهایم |
| پ. ی. د. مارکۆ ئەتیلا هۆو | کۆلیژی سەراییبۆ بۆ زانست و تەکنەلۆجیا |
| پ. ی. د. پادریس موسلمزاده تهرانی | زانکۆی مالایا- مالیزیا |
| پ. ی. د. شاخەوان عبدالله دەلۆ | زانکۆی سۆران |
| پ. ی. د. هەژار ڕەحیمی | زانکۆی سۆران |
| پ. ی. د. حەبیب ئیبراهیم | زانکۆی روربوخۆم- ئەڵمانیا |

# پێشەکی

جینۆساید بە دایکی تاوانەکان هەژمار کراوە. تاوانێکە ڕووبەڕووی گروپە مرۆییەکان دەبێتەوە، بە هۆکاری جیاوازەوە لەڕووی نەتەوەیی، ئیتنی، ڕەگەزی یا ئاینییەوە. کەم نین ئەو تاوانانەی لە مێژوودا دژ بە گروپە جیاوازە مرۆییەکان ئەنجام دراون، لە ئاکامیشدا کاریگەری لەسەر چارەنووس و بونیادی کولتوری و بایۆلۆژی و ژینگە و ژیان و ئاکاری بەئامانجگیراوان بەجێ هێشتووە.

گەلی کوردستان یەکێکە لە دێرینترین گەلانی سەر ڕووی زەمین، هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی مێژوودا لەسەر خاکی دێرینی کوردستان جێگیربووە و ژیاوە، گەلێکی دەوڵەمەندە لەڕووی فرە کولتوری و ئاینییەوە. لە دوای جەنگی یەکەمی جیهان، بەشێکی کوردستان بە دەوڵەتی عیراقەوە لکێندرا، گەلی کوردستان لەم بەشە ڕووبەڕووی چەندین تاوانی دژە مرۆیی بووەتەوە کە بە پێی پێوەرەکانی یاسا گەردوونییەکان بەتاوان هەژماردەکرێن، وەك: تاوانەکانی جەنگ، ڕاگواستن، دوژمنکاری، تاوانەکانی دژ بە مافەکانی مرۆڤ و تاوانی جینۆساید، تاد.

یەکێك لەو تاوانانە جینۆسایدکردنی کوردی فەیلی بوو، کە بەچەندین قۆناغی جیاواز ئەنجامدرا، تا بۆ دواجار لە سەر دەستی بەعسییەکان، بە پێی بەرنامەیەکی ڕێکخراو و بە شێوەیەکی سیستماتیک، برا فەیلییەکانمان لەسەر ماڵ وحاڵی خۆیان دەرکران، ڕەگەزنامەیان لێ سەندرایەوە، بۆ سەر سنووری ئێران و لەخراپترین بارودۆخدا دەرکران و 22 هەزار لاوی کوردی فەیلی تاوەکو ئێستا بێ سەروشوێنکراون، 14 شار وشاروچکەی ناوچەکانی کوردی فەیلی خاپورکران وناوچەکانیان تەعریب کران، ماڵ وموڵکیان دەستی بەسەردا گیرا و کۆڵەگەی خێزانییان هەڵوەشێندرایەوە.

بەشێکی زۆری ئەم تاوانانە لە پایتەختی عیراق، لەبەرچاوی کۆمەڵگەی عێراقی، هەرێمی و نێودەوڵەتیدا ئەنجامدرا. سەرەڕای تێپەڕبوونی 43 ساڵ بەسەر کۆتا قۆناغی ئەم جینۆسایدە، بەڵام هێشتا ڕێژەیەکی زۆر لە ڕزگاربووان، بێ ڕەگەزنامە ماونەتەوە وماڵ وموڵکیان بۆ نەگەڕێندراوەتەوە، تا ئێستاش بە هەزارانیان دەربەدەری وڵاتانن ولە ئاوارەییدا دەژین، هێشتا چارەنووسی زیاتر لە بیست هەزار کەسی بێ سەروشوێنکراو بە نادیاری ماوەتەوە. دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس ئەم تاوانە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق بە جینۆساید ناسێندرا، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا نە داوای لێبووردنییان لێکراوە، نە قەرەبووی مادی ومەعنەوی کراونەتەوە و نە ماڵ و موڵکیان بۆ گەڕێندراوەتەوە.

بەپێی تێڕوانینی ئەکادیمی وبەپێی بوارە زانستییە جیاجیاکان، لەلایەن کەسانی پسۆڕەوە، ئەم تاوانە بەشێوەی تاکەکەسی خراوەتە ژێر لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکردن و لێکدانەوە، ئەمەش بە سەرەتایەکی گرنگ ودروست دەزانین بۆ دامەزراندنی بواری زانستی جینۆسایدناسی لەکوردستاندا، کوردستانێک کە لەلایەن بەشێک لە جینۆسایدناسان بە مەڵبەندی جینۆساید هەژمار کراوە.

هەر لەم سۆنگەیەوە پرۆژەی ئەنجامدانی ئەم کۆنفراسە لەمیانەی هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی

مێژوویی وئەخلاقیی و زانستییەوە هەڵقولاوە، لە ژێر دروشمی (دەرخستنی ڕاستییەکان بۆ گەیشتن بە دادپەروەری)، ئەم کۆنفرانسە بە میتۆدی زانستی کار بۆ ناساندنی ئەم جینۆسایدە دەکات، بۆ ئەوەی ئەم جۆرە تاوانە ترسناکانە لەبیرنەکرێن وبەوردی هۆکار وپاڵنەر وکاریگەرییەکانی بزانرێت و هەوڵبدرێت بە شێوەیەکی زانستی چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، تاوەکو لەلایەك قوربانییەکان قەرەبووبکرێنەوە وتاوانباران سزا بدرێن و لەلایەکی ترەوە چیتر ئەم جۆرە تاوانانە دووبارەنەبنەوە و ڕوونەدەن.

کاتێك ئەم پرۆژەیە کەوتە بەر دیدی سەرۆکی هێژا (مەسعود بارزانی)، بەو پەڕی پەرۆشییەوە بە پیرییەوە هات وپشتیوانیی خۆی بۆ دەربڕی و بووە هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنمان بۆ ئەنجامدانی ئەم کۆنفرانسە هاوبەشەی هەر سێ زانکۆی؛ (سەلاحەدین، دهۆك و سۆران) و بە هاوکاری چەندین زانکۆ و دامەزراوەی زانستی دیکە.

بۆئەنجامدانی ئەم کۆنفرانسە، پەیوەندیمان بە سەدان توێژەر و بیرمەند و کەسانی پسپۆرکرد، بەتایبەت ئەوانەی لەسەر ئاستی ناوەخۆ و نێودەوڵەتی کاریان لەسەر جینۆساید کردوە، لەئەنجامدا لەناو سەدان بابەتی پێشکەشکراو لەلایەن کەسانی پسپۆڕ لە بوارە جیاجیاکان و بواری جینۆساید لەسەر ئاستی ناوەخۆ و نێودەوڵەتیدا، (109) بابەتی زانستی لەلایەن لێژنەی زانستی کۆنفرانسەوە ڕەزامەندی بەشداریکردنیان پێدرا، دەیانیتر بەهۆکاری جیاجیای وەك: سنوور و کاتی تەرخانکراو بۆ ناردنی بابەتەکان نەتوانرا لەم کۆنفرانسە بەشداربن.

ئەم پرۆژە ئەکادیمییە بە شەونخونی لیژنەی باڵا، لیژنەی ئامادەکاری هاوبەش، لیژنەی زانستی، لیژنەی راوێژکاری وسەرجەم لیژنەکانی دیکە، وپشتیوانی کەسانی خۆبەخش کە ماندوونەناسانە پشتیوانییان کردووین بۆ سەرکەوتنی ئەم کۆنفرانسە. هیوادارین ئەنجامی ئەم کۆنفرانسە ببێتە هۆی زیندووکردنەوەی پرسی (جینۆسایدکردنی کوردی فەیلی) وبایەخ پێدانی لە لایەن، لایەنە فەرمی، ئەکادیمی و ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێوەدەوڵەتییەکانەوە.

پ. ی. د. عبدالرحمن کریم دەروێش
سەرۆکی لیژنەی ئامادەکاری

# پێرست


1-ژینۆسایدی گەلی کورد لە ژێر تیشکی بڕیاری دادگەی ناوخۆیی لاهای لە کەیسی (فرانس فان ئانرات)دا توێژینەوەیەکی شڕۆڤەکارانە

**پ. ی. د. عێباد رۆحی ........ 15**

2-سیاسەتی بە عەرەبکردن لە عێراقدا کوردە فەیلییەکان بە نموونە

**پ. ی. د. ماجد خەلیل فەتاح ........ 29**

3-کاریگەرییەکانی بەنداوی حەمرین لەسەر تێکدانی شوێنەوارەکانی ناوچە فەیلییەکان

**پ. د. نەرمین علی........79**

4-فاکتەر و جێکەوتەکانی جینۆسایدی کوردانی فەیلی لەقەزای خانەقین

**م. ی. هێمن نصرالدین محمد امین - پ. ی. د. یاسین ئاشور جوهر ........ 115**

5-رۆڵی راگەیاندن لە ناساندنی کۆمەڵکوژی کوردە فەیلییەکاندا، توێژینەوەیەکی مەیدانیە

**د. ئەکرەم فەرەیدون حەمەئەمین ........ 145**

6-ئاستی بایەخپێدانی میدیای کوردی بە جینۆسایدی فەیلییەکان لە عێراقدا (توێژینەوەیەکی مەیدانییە)

**م. ی. دەشتی عەلی ڕەشید - پ. ی. د. یادگار عەلی محەمەد ........ 173**

7-واقعی ژیانی کوردە فەیلییەکان لە سایەی بەعسدا لە نێوان 1979 - 1991 لێکۆڵینەویەکە لە مێژووی زارەکی

**پ. د. سامان حسێن ئەحمەد ........ 197**

8-ئەدەب وەک بیردانکا گەلان، کارتێکرنا بلیمەتێن کوردێن فەیلی ل سەر ڕەوشەنبیرییا کوردی

**انتصار نجیب جوقی - نفل صالح اسلام ........ 233**

9-ڕۆمانا (بەندەر فەیلی) وەکو نموونە

**م. شمال خمو خضر ........ 303**

10-سیاسەتی میدیایی و پرۆپاگەندەیی رژێمی عێراق لەجینۆسایدکردنی کوردانی فەیلی

**د. شیلان یاسین خضر ........ 335**

11-ژیان دوای جینۆساید: توێژینەوەیەکی سایکۆلۆژییە لەبارەی کوردانی فەیلی

**خەلیل سەلیم ........ 363**

12-ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکانی جینۆساید لە فیلمی دۆکیومێنتاری کوردیدا (جینۆسایدی کوردە فەیلییەکان بە نموونە)

**پ. ی. د. ژیلوان طاهر باپیر ........ 383**

13-ڕۆڵی دادگای نیشتیمانی لە بەدیهێنانی دادپەروەری لە جینۆسایدی کوردی فەیلی
**م. سروشت سەربەست قاسم** ........................................................................ **397**
14-پێوانەی شڵەژانی لێکترازانی ناسنامە لای کوردانی فەیلی لە هەرێمی کوردستان
**م. هیوا عبدالعزیز جمیل - کاروان کاکەبرا کاکەمەد** ........................................................ **417**
15-جینۆسایدی کوردە فەیلییەکان لە عێراق دا لە نێوان ساڵانی1990-1980
لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی شیکاریی بەراوردکارییە
**م. ی. سۆزان کریم صالح** ........................................................................ **439**
ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتیی جینۆسایدی گەلی کوردستان
**(جینۆسایدی کوردی فەیلی)** ........................................................................ **469**

# فاكتەر و جێكەوتەكانی جینۆسایدی كوردانی فەیلی لە قەزای خانەقین

پ. ی. د. یاسین ئاشور جوهر
زانكۆی گەرمیان
كولێجی پەروەردە- بەشی جوگرافیا
yasin.ashur@garmian.edu.kr

**م. ی. هێمن نصرالدین محمد امین**
**زانكۆی گەرمیان**
**كولێجی پەروەردە-بەشی جوگرافیا**
**hemin.nasraldin@garmian.edu.krd**

**پوختە**

كوردانی فەیلی بەشێكی دانەبڕاوان لەنەتەوەی كوردو، دانیشتوانی رەسەنی ناوچەكانی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە و بەشێكی ناوچە جێناكۆكەكانی هەرێمی كوردستانن. ئەم بەشەی نەتەوەی كورد هەر لەساتە وەختی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقییەوە بگرە تاوەكو ئێستاش لەسەردەستی رژێمە یەك لەدوای یەكەكانی عێراق؛ دوچاری چەندین جەورو ستەم و جینۆسایدی فیزیكیی و مەعنەویی و كلتوری بوونەتەوە. لەسەرەتاو ماوەی نێوان جەنگی عێراق- ئێراندا؛ لەسەردەستی رژێمی بەعس و بەپلانێكی شۆڤینیی و رەگەزپەرستیی و نەتەوە پەرەستیی ڕووبەڕووی گەورەترین پەلاماری جینۆسایدو دەربەدەریی و تەعریب بوونەوە.

بێگومان ئەو پەلاماری جینۆسایدە بێ جیاوازی هەموو كوردانی فەیلی گرتەوە لەهەموو ئەو شارو ناوچانەی كە قورسایی و بوونی دیموگرافییان تیایدا هەبووە، لەناویشیاندا قەزای خانەقین. ئەم توێژینەوەیە بەناوی (فاكتەرو جێكەوتەكانی جینۆسایدی كوردانی فەیلی لەقەزای خانەقین) دەیەوێت تیشك بخاتە سەر جینۆسایدی كوردانی فەیلی لەو قەزایەو، هۆكارو جێكەوتە جیاوازەكانی پشت ئەو جینۆسایدە دەرهەق بەو توێژە گرنگەی نەتەوەی كورد لەو قەزایە روون بكاتەوە.

توێژینەوەكە بۆ سێ تەوەری سەرەكی دابەشكراوە، كە بریتیین لە (دەروازەیەكی گشتی دەربارەی جینۆساید، گرنگی شوێنی جوگرافی و دانیشتوانی قەزای خانەقین، فاكتەرو جێكەوتەكانی جینۆسایدی كوردانی فەیلی لەناوچەی لێكۆڵینەوە)، لەكۆتایشدا توێژینەوەكە بەچەند ئەنجام و راسپاردەیەك كۆتایی هاتووە.

كلیلە وشە: كوردانی فەیلی، جینۆساید، قەزای خانەقین، گۆڕانی دیمۆگرافی

## الملخص

الكُرد الفَيليون جُزءٌ لا يَتَجزأ مِن القَومية الكُردية، وَهُم السُكان الأَصليون في الأجزاء الشَرقية لنَهر دِجلة وبَعض مِن المناطق المُتنازِعة عَليها. كانت هذه الشَريحة جُزءاً مِن القَومية الكُردية. مُنذ قيام الدَّولة العِراقية وحَتى في الوقت الحاضِر وَقَد عانوا مرّارة الإضطهاد الجَسَدي والرُوحي والثَقافي والإبادة الجَماعية في ظّل الحُكومات العراقية المُتعاقِبة. في البداية وفي أثناء الحَرب العراقية - الإيرانية؛ وفي ظل نِظام البَعث وخُطَطهُ الشُوفينية والعُنصرية والقَومية، تَعرض الكُرد الفَيليون إلى أكبر حَملات التَعريب والنَفي والإبادة الجَماعية.

لاشَكَ أن الحَملات الإبادة الجماعية طالت جَميع الكُرد الفَيليين في جَميع المُدن والمناطق التي كانَ لَهُم الثُّقل الديموغرافي مِن دون تمييز، بما في ذلك قضاء خانقين. هذا البحث بعنوان (العوامل والتَداعيات الإبادة الجَماعية لِلكُرد الفَليين في قضاء خانقين)، يُسلط الضَوء عَلى الإبادة الجماعية للكُرد الفَيليين في قَضاء خانقين، وعَرض أهم العَوامل والتَداعيات المُتَعَدِدة مِن وَراء تِلكَ الإبادة الجَماعية بِحق هذا الشَريحة المُهمة مِن القَومية الكُردية في المَنطقة الدّراسة.

انقسم البَحث على ثَلاثة محاور أساسية، وَهي (مَدخل عام للإبادة الجماعية، أهَمية المَوقع الجُغرافي وسُكان قَضاء خانقين، وأخيراً العَوامل والتَداعيات الإبادة الجَماعية لِلكُرد الفَيليين في مَنطقة الدراسة)، وخِتاماً وَصَلَ البَحث إلى عَدد مِن النَتائج والتَوصيات المَرجُوة.

الكَلمات المفتاحية: الكُرد الفَيليون، الإبادة الجَماعية، قَضاء خانقين، التَغيير الدِيموغرافي



## Abstract

Faili Kurds are an integral part of the Kurdish nation. They are the native inhabitants of the eastern parts of the Tigris River and some of the disputed territories in Iraq. This part of the Kurdish nation, since the establishment of the Iraqi state, and even at present, has suffered from many types of physical, spiritual, and cultural persecution and genocide under successive Iraqi governments. In the beginning, and during the Iran-Iraq war too, under the Baath regime and its chauvinistic, racist, and nationalist plans, the Faili Kurds were subjected to the largest campaigns of Arabization, exile, and genocide.

Undoubtedly, those genocidal campaigns affected all Faili Kurds without discrimination in all cities and regions that they had inhabited intensively and demographically present, including the Khanaqin district. This research, entitled (Factors and Repercussions of Faili Kurds in Khanaqin District) intends to shed light on the Faili Kurds genocide in the Khanaqin district, it clarifies the most important factors and different effects behind that genocide which is against this important segment of the Kurdish nation in this district.

The research was divided into three main parts: (a general introduction to the gen-

ocide, the importance of the geographical location and the population of the Khanaqin district, and finally the factors and effects of the genocide of the Faili Kurds in the study area). In the end, the research presented some results and recommendations.
Keywords: Faili Kurds, genocide, the Khanaqin district, demographic change

## پێشەکی

جینۆسایدی کوردانی فەیلی لەعێراق یەکێکە لەو تاوانە گەورانەی کە رژێمی پێشووی عێراق دەرهەق بەم بەشە گرنگەی نەتەوەی کورد لەعێراق ئەنجامیدا. لەپاڵ تاوانەکانی دیکەی ئەو رژێمە بەرامبەر بەگەلی عێراق بەگشتییو نەتەوەی کورد بەتایبەتی؛ تاوانی جینۆسایدی کوردانی فەیلی بە بەرنامەیەکی پلان بۆدارێژراو تۆکمەو، پشت بەست بەپاساوی (یاسایی) موتوربەکراو بەئایدیۆلۆژیایی نەتەوەپەرستیی پان عەربیزمی دەسەڵاتدارە حکومییەکانی حکومەتە یەك لەدوایی یەکەکانی عێراق بەدرێژای سەدەی بیستەم لەعێراق پیادەکراوە.

ئەو جینۆسایدەی کوردانی فەیلی لەسەرەتای ساڵی (1980)، بەدڕندەترین شێوەو بەدوور لەهەموو هەڵسوکەوتێکی مرۆڤانە گەیشتە لوتکەو، هەموو جۆرەکانی جینۆسایدیان بەسەردا جێبەجێکرا. بەگوێرەی زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکان کوردانی فەیلی بەشێکی سەرەکییو دانەبڕاون لەگەلی کورد بەگشتی. لەگەڵا ئەوەشدا دانیشتوانی رەسەنی ناوچە کوردییە دابڕێنراوەکانی هەرێمی کوردستانن. بەهۆی بەپیتیی و قوڵایی ستراتیژیی ناوچەی بوونی کوردانی فەیلی لەعێراق کە لە (باکورەوە لە جەلەولاو خانەقینەوە بۆ باشوور تاسنوری پارێزگای میسان و، لە رۆژئاوایی رووباری دیجلەوە بۆ رۆژهەڵاتی سنوری نێوان عێراق - ئێران درێژبووتەوە) بە بەردەوامی رووبەرووی لێشاوی بەعەرەبکردن بووەتەوەو، هەمیشە کوردانی فەیلی باجی قورسی ئەو سیاسەتە رەگەزپەرستانەیان داوەو، لێکەوتەی جۆرواو جۆری سیاسی- کۆمەڵایەتی- ئابووری- فەرهەنگی- نەتەوەیی- مەزهەبی لەسەریان هەبووە.

توێژینەوەکە جگە لەبەکارهێنانی چەندین سەرچاوەی باوەڕپێکراوی مێژوویی وسیاسیی و یاسایی و جوگرافیی؛ بەشێوەیەکی سەرەکیش پشتی بە سەردانی مەیدانیی و چاوپێکەوتن لەگەڵ بەشیکی زۆری کوردانی فەیلی قەزاکە و لایەنە سیاسیی و رێکخراوە جیاوازەکانی کوردانی فەیلی؛ بەستووە.


## کێشەی توێژینەوەکە

ناوچەی لێکۆڵینەوە، یەکێکە لەو ناوچە دابڕێنراوانەی کە رووبەڕووی زۆرترین شاڵاوی گۆڕانی دیمۆگرافی بووەتەوە لەبەرژەوەندی نەتەوەی عەرەب؛ لەو نێوەندەشدا ناوچەکانی کوردانی فەیلی بەپلەی یەکەم رووبەڕوی ئەم گۆڕانە دیمۆگرافییە بووەتەوە ئەمە سەرەکیترین کێشەی توێژینەوەکەیە. دەکرێت کێشە لاوەکییەکانیش بەچەند پرسیارێك بخرێنەڕوو:

1- ئایا فاکتەرەکانی جینۆسایدی کوردانی فەیلی لە قەزای خانەقین چیبوون؟

2- دیارترین جێکەوتەکانی ئەو جینۆسایدە لەسەر کوردانی فەیلی لەناوچەی لێکۆڵینەوە چیبوون؟

گریمانی توێژینەوەکە



نەخشەی (1) شوێنی قەزای خانەقین بەپێی هەرێمی کوردستان و عێراق

وەك وەڵامدانەوەیەكی پێشوەخت بۆ كێشەی توێژینەوەكە، گریمانی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەكرێن:

1- دەكرێت فاكتەری سەرەكی جینۆسایدی كوردانی فەیلی لەقەزای خانەقین فاكتەری نەتەوەیی و مەزهەبی بوو بێت.

2 - نەهێشتن و خاپووكردنی ژێر خانی ئابوورییو كۆمەڵایەتییو رۆشنبیریی كوردانی فەیلی لەناوچەكە.

## ئامانجی توێژینەوەكە

گرنگترین ئامانجی توێژینەوەكە تیشكخستنە سەر رەهەندەكانی جینۆسایدی كوردانی فەیلییە لەقەزای خانەقین، هەروەها خستنەڕووی فاكتەرەكانی ئەنجامدانی ئەو تاوانەو، دەستنیشان كردنی گرنگترین جێكەوتەكانی.

## سنوری ناوچەی لێكۆڵینەوە

قەزای خانەقین دەكەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی كوردستان و ڕۆژهەڵاتی عێراق، بە درێژایی سنوری ڕۆژهەڵاتی لەگەڵ كۆماری ئیسلامی ئێراندا هاوسنورە، لەباكوریەوە قەزای دەربەندیخان و لەباكوری ڕۆژهەڵاتەوە پارێزگای هەڵەبجە و لەڕۆژئاواوە لەگەڵ هەردوو قەزای كەلار و كفریدا هاوسنورە، لەباشورەوە لەگەڵ قەزای بەلەدروز و لەباشوری ڕۆژئاواشەوە لەگەڵ قەزای مقدادیەدا هاوسنورە. لەڕووی كارگێرییەوە جگە لەناوەندی قەزا لەئێستادا لەهەریەكە لەناحیەكانی (مەیدان، قۆرەتوو، سەعدییە، جەلەولا) پێكدێت، كە ناوەندی قەزا و هەردوو ناحیەی جەلەولا و سەعدییە دەكەونە ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی كوردستان، كەواتە قەزای خانەقین پێگەیەكی جیۆستراتیجی گرنگی هەیە، و پردی پێكەوە بەستنی هەرێمی كوردستانە لەگەڵ ناوچەكانی ناوەڕاست و باشوری عێراق، بڕوانە نەخشەی ژمارە(1). لەڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمییەوە قەزای خانەقین دەكەوێتە نێوان دووبازنەی پانی (38 56 °33 - 40 06 °35) ی باكور، و نێوان هێڵی درێژی (10 50 °44 - 44 46 °45)ی ڕۆژهەڵات.

سەرچاوە/ كاری توێژەران بەپرۆگرامی (Arc Map GIS 10.8)، و بەپشت بەستن بە:1) هاشم یاسین وئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی كوردستانی عێراق، عێراق وجیهان، چاپخانەی تێنووس، چاپی یەكەم، 2009، ل81.

2- وزارە التخگیگ، الهیئە العامە للمساحە، بغداد، خریگە العراق الاداریە، قچاو خانقین, مقیاس الرسم 500000 :1.

## تەوەری یەكەم: دەروازەیەكی گشتی دەربارەی جینۆساید

كۆمەڵكوژی (جینۆساید) یەكێكە لە سیما دیارەكانی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، بەدرێژایی سەردەمە مێژووییەكانی مرۆڤایەتی تاوانی كۆمەڵكوژی لەكات و شوینی جیاجادا بەرامبەر بەگروپە نەتەوەیی و نەژادیی وئاینیی و مەزهەبییە جیاجیاكان بەكارهاتووە، بەڵام لەسەدەی بیستەمدا ئەم تاوانە بەشێوەیەكی فراوان و دڕندانەتر پیادەكرا.

**یەکەم: چەمك و رەهەندەكانی جینۆساید**

چەمكی جینۆساید بۆ یەكەمجار لەلایەن (رەفایل لیمكین- Raphael Lemkin)ی بە ڕەچەڵەك جوولەكە لە ساڵی (1944) داهێنرا. (مارتن شو، 2017، ص 31 ومابعدها). چەمكەكە لەو كاتەوە بووەتە بەشێكی گرنگی یاسای تاوانی نێودەوڵەتی. هەڵبەتە هەوڵەكانی (لیمكین) وەهای كرد هەر لە یەكەم ساڵی دامەزراندنی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكانەوە؛ ئەو ڕێكخراوە كار بۆ بە تاوانناساندنی جینۆساید بكات. بۆیە لە ماوەی كەمتر لە سێ ساڵ لە دوای دامەزراندنی رێكخراوەكەوە لە ساڵی (1948) پەیماننامەیەك بۆ قەدەغەكردن و سزادانی تاوانی جینۆساید دەربكرێت بە ناوی (پەیماننامەی بەرلێگرتن و سزادانی تاوانی جینۆساید) كە یەكێكە لە پەیماننامە سەرەتاییەكانی نەتەوەیەكگرتووەكان و لە ساڵی (1952)ەوە چووەتە بواری كارپێكردنەوە. (جون اس. جیبسون، 1999، 174). (جینۆساید).

پەیماننامەی جینۆساید یەكەمین رێككەوتنامەیە كە كۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان تایبەت بە مافەكانی مرۆڤ دەرچوووبێت. بەشێوەیەكی گشتی رێككەوتنامەكە چەختدەكاتەوە سەر گرنگیدان بە پاراستنی كەمە نەتەوەایەتیی و ئایینیی و رەگەزییەكان لەو مەترسیانەی كە دەبنە هەڕەشە بۆ سەر بوونیان. ئەو جۆرە كارانەی بۆ پاراستنی كەمە نەتەوایەتیی و ئایینیی و رەگەزییەكان كاری لەپێشینەی نەتەوە یەكگرتووەكان و رێكخراوەكانی پاراستنی مافی مرۆڤە لەسەرتاسەری جیهاندا. لەپاڵ ئەمەدا، رێككەوتنامەكە ئاماژەی گرنگ و سەرەكی بەرۆڵی دادگاو لێپرسینەوە لەتاوانكاریی دەدات بۆ پاراستن و چەسپاندنی مافەكانی مرۆڤ.

لەدیباجەی بڕیاری كۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەكگرتووەكاندا هاتووە كە: (جینۆساید بەگوێرەی یاسای گشتی نێودەوڵەتی لەگەڵ گیان و ئامانجەكانی نەتەوە یەكگرتووەكاندا ناگونجێت و؛ جیهانی شارستانیش سەركۆنەی دەكات). هەروەها ئەوەش رادەگەیەنێت كە جینۆساید بەدرێژەی چەرخەكانی مێژوو زیانی گەورەی بەكۆمەڵگەی مرۆڤایەتی گەیاندووە. بۆ دەربازبوونی مرۆڤایەتیش لەم كردەوە ناشرین و قێزەوەنانە پێویستە هەماهەنگیی و هاوكاریی نێودەوڵەتی هەبێت. (مفوجیە الأمم المتحدە السامیە لحقوق الإنسان).

لەبەر رۆشنایی ئەو دەقەی سەرەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە كە بۆ نەهێشتن و رێگریكردن لەم كردەوە قیزەوەنە پێویستە وڵاتانی جیهان هەماهەنگیی یەكتری بكەن و پێكەوە كار بكەن بۆ شكۆداركردنی مافەكانی مرۆڤ و فراوانتركردنی پانتایی ماف و ئازادییە گشتییەكان.

لەمادەی یەكەمی رێككەوتنامەكەدا هاتووە كە جینۆساید دەكرێت لەكاتی جەنگ و لەكاتی ئاشتیشدا پیادەبكرێت. ناوەڕۆكی ئەم مادەیە بەروونی دەقی لەسەر ئەوە داوە كە مەرج نییە كردەی جینۆساید تەنها لەكاتی جەنگدا ئەنجام بدرێت، بەڵكو كردەیەكە لەكاتی ئاشتیشدا دەكرێت ئەنجام بدرێت. ئەمەش بۆ ئەوەیە چاوپۆشی لەو دەوڵەت و لایەنانە نەكرێت كە لەكاتی سەقامگیریی و نەبوونی جەنگدا بەپاساوی ئاسایشی نیشتمانیی و پاراستنی پایەكانی دەوڵەت هەستن بەئەنجامدانی تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی لەسەر بنەمای ئایینیی یاخود نەتەوەیی یاخود رەگەزیی.

شایانی ئاماژەیە لەهەر سێ سیستەمی بنەڕەتی دادگای تاوانكاری نێودەوڵەتی بۆ (تاوانكاری بۆ یوگسلاڤیای پێشوو، دادگای نێودەوڵەتی تاوانكاری بۆ ڕوەندا، دادگای تاوانی نێودەوڵەتی) لەپێناسەكردنیاندا بۆ تاوانی جینۆساید هەمان پێناسەكەی مادەی (2) ی پەیماننامەی بەرلێگرتن و سزادانی تاوانی

جینۆسایدیان؛ بەکاریانهێناوە. (أبو صيبع والجابری، 2017، ص 346).

مادەی (2) ڕێککەوتنامەی ناوبراو پێناسەی جینۆساید بەم جۆرە دەکات کە: (بریتییە لەتێکدان وهەڵتەکاندنی گشتەکی یاخود بەشەکی کۆمەڵەیەکی نەتەوەیی یان ئاینیی یان نەژادیی، ئەم کردەوانەی لای خوارەوە دەگرێتەوە (مفوضيە الآمم المتحدة السامية لحقوق الإنسان):

1- کوشتنی ئەندامانی ئەو گروپە.

2- زیانپێگەیاندنی جەستەیی و هزریی گەورە بە ئەندامانی ئەو گروپە.

3- ناچارکردنی بەئەنقەسدی گروپەکە بەوەی لە بارودۆخێکی ژیانکردنی وەهادا بژین کە ببێتە هۆی لە ناوچوونی بەشێك یان هەموویان.

4- گرتنەبەری ڕێو شوێنی توند کە ببێتە کۆسپ لە بەردەم زیاد بوونی وەچە.

5- ڕاگواستنی منداڵ لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی تر بەزۆر.

بێگومان پرسی تاوانەکانی جینۆساید لەلایەن شارەزایانی بوارەکەو یاساناسان و توێژەران و چالاکوانانی مافەکانی مرۆڤەوە زۆری لەسەر نوسراوەو لێکدانەوەی هەمەجۆری بۆ کراوە، هەر لەبەر ئەم هۆکارە لەم توێژنەوەیەدا نامانەوێت بەتەواوی ئەو ئەدەبیاتانە بچینەوە کە لەم بارەیەوە بەردەستن. لەهەمان کاتیشدا مەبەستمان نییە لەمێژوو و بنەچەی کوردە فەیلەکان بکۆڵینەوە جگە لەئاماژەدانێکی کورت نەبێت بە کرۆنۆلۆژیایەکی ئەو تاوان و کردەوە نامرۆڤایەتییانەی کە لەلایەن رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقەوە دژ بەکوردە فەیلییەکان پیادەکراوە. هەروەها ناشمانەوێت کۆی ئەو بەڵگانە بخەینە روو تابیسەلمێنین کە کوردە فەیلییەکان جینۆساید کراون، چونکە خۆشبەختانە ئەم پرسە واتە (دۆسیەی تاوانی جینۆسایدی کوردە فەیلەییەکان) لەلایەن داداگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە لە ڕێکەوتنی (29/11/2010) بە جینۆساید ناسێنرا. (جريده الوقائع العراقيه، 2010، ص1).

دووەم: کرۆنۆلۆژیای جینۆسایدی کوردە فەیلییەکان لەسەردەستی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق

مەبەستمانە لێرەدا تەنها گوزەریکی خێرا بەناو ئەو مێژووەدا بکەین لەسەر ئەو وێستگە گرنگانەی بوەستین کەتیایاندا کوردانی فەیلی بەپلانی بەرنامە بۆ داڕێژارو لەپشت مانڤێستبوونی گوتارێکی شۆڤینی عەرەبیی و ئایدیۆلۆژیایەکی نامرۆڤدۆستییەوە لەسەر دەستی دەسەڵاتدارانی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکان لەساتەوەختی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقییەوە رووبەڕووی هەموو جۆرەکانی جینۆساید بوونەتەوە.

نەهامەتیی و دووڵبوون لەهاونیشتیمانیبوونی کوردە فەیلییەکان لەعێراقدا لەسەروبەندی دیاریکردنی سنوری نێوان عێراق و ئێران وەك دوو دەوڵەتی سەربەخۆ هاتەکایەوە. ئەم سنور کێشانەی نێوان دوو دەوڵەتەکە بووە مایەی پەرتکردنی نەتەوەی کورد بەگشتیی و دابڕینی تیرەو هۆزی کوردە فەیلییەکان لێکتریی‌و لاوزاکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکانی نێوانیان (خليل ئيسماعيل، 1998، ل108). لەهەمان کاتدا دەرچواندنی یاسای رەگەزنامەی عێراقی ژمارە (42) لەساڵی (1924) بۆ خۆی ڕێگەخۆشکەربوو کە وەك فاکتەرو بەهانەیەکی یاسایی دژ بە مافی هاوڵاتیبوونی کوردانی فەیلی لەعێراق بەکاربهێنرێت (زكی جعفر الفيلی، 2009، ص 494-492). یاساکە بەگشتی عێراقییەکانی بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەشکرد: شوێنکەوتووانی دەوڵەتی عوسمانیی تورکیی و شوێنکەوتووانی دەوڵەتی

ئێرانی. بەشێوەیەکی گشتی لایەنگری مەزهەبی ڕۆڵێ سەرەکی لەهاوکێشەکەدا هەبوو. شوێنکەوتووانی عوسمانی بە بێ هیچ ئاستەمێك بوونە خاوەن ڕەگەزنامەی عێراقی، لەکاتێکدا شوێنکەوتووانی دەوڵەتی ئێرانی ئەوانەی لەناو خاکی عێراقدا بوون بەمەرجی قورس ڕەگەزنامەی عێراقییان پێدەدرا یاخود هەر لێی بێبەشکران. بەشێکی زۆری کوردانی فەیلی بەهۆی کوردبوونیان و مەزهەبی بوونیان کە شیعە بوون بەئەستەم ڕەگەزنامەی عێراقییان وەرگرت و ژمارەیەکی زۆریشیان لێیبێبەشکران (خلیل اسماعیل محمد، 2013، ص 35-34). ئەمە سەرەتایەکی ترسناك بوو بۆ جینوسایدکردنی کوردانی فەیلی لەعێراق.

یەکەمین پرۆسەی کۆچپێکردنی کوردە فەیلییەکان لەساڵی (1936) لەسەردەمی کابینەی حکومەتەکەی (تەها یاسین هاشمی) دەستی پێکرد. بەدوایدا شەپۆلی دووەمی کۆچپێکردنەکە لەسەردەمی (ڕەشید عالی گەیلانی) ڕوویدا. لەئەنجامدا ژمارەیەکی زۆری خێزانی کوردە فەیلییەکان بەپاساوی نەبوونی هیچ بەڵگەنامەیەك بیسەلمێنیت کە شوێنکەوتوویی دەوڵەتی عوسمانی بوونە یاخود شوێنکەوتوویی دەوڵەتی ئێرانن؛ ئاوارەی ئێران کران و شوێن و خاکەکیان تەعریب کرا. (زکی جعفر الفیلی، 2009، ص 494-492 ).

پاش ڕووخانی سیستەمی پادشایەتی لەساڵی (1958)، بەجۆرێك لەجۆرەکان ئەو فشارە زۆرە لەسەر کوردە فەیلییەکان نەما (سلیم مگر، 2004، ص 302) و (ریاض جاسم محمد فیلی، 11/7/2008)، بەڵام بەهەڵگیرسانی (شۆڕشی ئەیلول) لەساڵی (1961) و کرژبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو حکومەتی عێراقیی و ئێرانیی جارێکی دیکە نەهامەتی بەرۆکی کوردە فەیلییەکانی گرتەوە. کۆدەتای بەعسییەکان بەسەر (عبدالکریم قاسم)دا لەساڵی (1963) کوردە فەیلییەکان جارێکی دیکە لەسەر دەستی (گاردی نەتەوەیی -الحرس القومی) ڕووبەڕووی جینۆساید بوونەوە بەتایبەتی لەگەڕەکی (طعد الاکراد) لەبەغداد (منذر الفضل، 2004، ص 70). دانیشتوانی ئەو گەڕەکە کە زۆربەیان کوردی فەیلیبوون بەهۆی لایەنگیریان بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عێراقی لەسەردەستی گاردی نەتەوەیی قیزەوەنترین تاوانیان بەرامبەر ئەنجامدرا.

بێگومان مەینەتیی و کارەساتی کوردە فەیلییەکان لێرەدا کۆتایی نەهات؛ بەڵکو لەدوای کۆدەتای دووەمی بەعسییەکان لە (17 تەموزی 1968) بەهەمان پاساوی عێراقی نەبوون لەماوەی نێوان ساڵانی (1969، 1970، 1971) سەرانی بەعس هەستان بەکۆچپێکردنی بەزۆری نزیکەی (70) هەزار کوردی فەیلی (ریاض جاسم محمد فیلی، 12/9/2007). شایانی ئاماژە یە ئەمە لەکاتێکدا بوو کە ڕێکەوتنامەی (11 ئازاری 1970) لەنێوان (پ.د.ك) و (حکومەتی بەعس) واژۆکرابوو.

ئەوەی ئەم قۆناغە لەجینۆسایدی کوردە فەیلییەکان جیادەکاتەوە ئەوەیە کە چیتر توندوتیژی دەسەڵاتداریّتی (العنف السلگوی) کارێکی تاکەکەسی یاخود باڵێك لەباڵەکانی حزبی فەرمانڕەوا نییە، بەڵکو بووە کارێکی فەرمی سیستەماتیك و پلان بۆ داڕێژراوی حکومیی و خودی حکومەت و حزبی بەعس سەرپەرشتی پرۆسە تاوانکارییەکانیان دەکرد. ئەنجامدانیشی بوو بە ئەرکێکی فەرمی. (طالب جبار احمد، 1997، ص 43-42).

لەپاش ڕێکەوتنامەی جەزائیر لەنێوان عێراق و ئێران لەساڵی (1975) و شکستی شۆڕشی کوردی، جینۆسادی کوردانی فەیلی پێیی نایە هەرە مەترسیدارترین قۆناغەکانییەوە. بۆ تواندنەوەی نەتەوەی کورد لەعێراقدا، حکومەتی بەعس ئەمجارە بەپلانێکی تۆکمەو بەهێزەوە هەستا بە ڕاگواستن و چۆڵکردنی

گوندە سنورییەکان بەقوڵایی (10 - 20کم) بەناوی (پشتێنەی ئەمنیەوە). بەشێکی زۆری ناوچەکانی کوردە فەیلییەکان لەڕۆژهەڵاتی قەزای خانەقین بەر ئەم شاڵاوە کەوتن. (ئەمین قادر مینە، 2012، ل 276-271). (احمد ناصر الفیلی، 2012، ص143-142).

لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەم بەماوەیەکی کەم پێش بەرپابوونی شۆڕشی ئیسلامی لەئێران و رووخانی رژێمی شاهانشهای لەو وڵاتە؛ پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران ئاڵۆز بوون، کەمتر لەساڵێك لەدوای ئەو شۆڕشە جەنگی نێوانیان بەرپابوو. لەو جەنگەدا دیسانەوە کوردە فەیلییەکان بەشێوەیەکی فراوان و دڕندانە رووبەڕووی جینۆساید بوونەوە. لەسەرەتا و ماوەو کۆتایی جەنگەکەدا؛ رژێمی بەعس لەباڵاترین دەسەڵاتییەوە (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) بەبیانووی رەچەڵەکی ئێرانیی و خۆفرۆشیی و خیانەتکاریی و دڵسۆزیی نەبوون بۆ پرەنسیپەکانی شۆڕش ژمارەیەك بڕیاری دەرکرد کە زیاتر دژ بەکوردانی فەیلیبوون. سەرەتا لەرێگەی بڕیاری ژمارە (180) لە (3/2/1980) کە دەسەڵاتی رەها درابووە وەزیری ناوخۆ بۆ بەخشین یاخود رەگەزنامەی عێراقی بەبیانییەکان. شایانی ئاماژەیە ئەم بڕیارە ژمارەیەك عەشیرەتی کوردی بە بیانی دانابوو وەك عەشیرەتەکانی (سوەرمیری، گورکوش، زەرگوش، مەلەکشاهی، قەرەلووس، ئەرکەوازی، فەیلی و کۆیان). هەروەها بڕیاری (200) لە (7/2/1980) و بڕیاری (518) لە (10/4/1980) کە بیانی ئێرانی واتە ئەوانەی رەچەڵکی ئێرانیان هەیە، بڕیاری (180)ی تایبەت بەپێدانی رەگەزنامە نایانگرێتەوە. شایەنی ئاماژەیە دەرکردنی هەموو ئەو بڕیارانە رێگەخۆشکەربوون بۆ دەرکردنی بڕیاری (666) لە (7/5/1980). ئەم بڕیارە گوزارشتێکی روون و بێ پێچو پەنابوو لەنیازی رەگەزپەرستیی و ئایدیۆلۆژیای شۆڤێنیستی رژێمی بەعس. ئەم بڕیارە دەسەڵاتی دابووە وەزیری ناوخۆ کە رەگەزنامەی عێراقی لەهەموو ئەو هاوڵاتیانە وەربگرێتەوە ئەگەر دەرکەوت کە دڵسۆزیی بۆ گەل و نیشتمان و ئامانجە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییە باڵاکانی شۆڕش نییە. بێگومان ئەم دەربڕینە ئاماژەیەکی روون بوو بۆ ئەوەی کە بەئارەزووی خۆیان چۆنیان بوێت ئاوەها رەگەزنامە لەهاوڵاتیان وەربگرنەوە. لەئەنجامی ئەم بڕیارەدا بەشێوەیەکی دڕندانە دەستکرا بەجینۆسایدی کوردانی فەیلیی و رەگەزنامەی عێراقییان لێوەرگیرایەوەو دەستگیرا بەسەر ماڵو سامانی گوێزراوەو نەگوێزراوەیاندا. بەگوێرەی سەرچاوەکان؛ لەماوەی نێوان ساڵانی (1980 - 1990) نزیکەی (500) هەزار بۆ (600) هەزار کوردی فەیلی رەگەزنامەی عێراقییان لێوەرگیرایەوەو بەکۆمەڵ رەوانەی ئێران کران. ئەمە جگە لەبێ سەروشوێن کردنی نزیکەی (20) هەزار گەنج و لاوی کوردانی فەیلی ئەوانەی کە بەندینخانەکانی ئەبو غرێب و نوگرەسەلمان و زیندانەکانی دیکەی عێراق زیندانیکرابوون. (کامل جسان المرایاتی، 2012، ص 468-465). (صلاح الدین انور منصور فیتولی، 2007، ص 179). (ماجد السورمیری، 2009، ص 16-14). (ئاسۆ جەبار، 2016).

هەڵبەتە مەینەتی کوردە فەیلییەکان لێرەدا کۆتایی نایەت و جەورو ستەمی سەریان هەر بەردەوام بووە، چی ئەوانەی لەناوخۆیی عێراق ماونەوە بەهەرێمی کوردستانیشەوە یاخود ئەوانەی لەکۆمەڵگا نیشتەجێبووەکانی ئێران بوون یاخود بۆ وڵاتانی دیکە کۆچیان کرد. روخانی رژێمی بەعس لەساڵی (2003) و دووبارە بونیادنانەوەی عێراقی نوێ بەجۆرێك لەجۆرەکان مەینەتی کوردە فەیلییەکان کەمبویەوە، ژمارەیەکی زۆریان گەڕانەوە بۆ عێراق و زێدی خۆیان. لەهەمان کاتدا بەگوێرەی مادەی (17) لەیاسای رەگەزنامەی عێراقی ساڵی (2006)؛ بڕیاری (666)ی (ئەنجومەنی سەرکرادیەتی شۆڕش)ی رژێمی بەعس

هەڵوشایەوە. ئەمە هەلێکی باشی بۆ بەشێکی زۆری کوردانی فەیلی رەخساندن کە رەگەزنامەی عێراقی وەرگرنەوە.

بەگوێرەی توێژینەوەیەکی مەیدانی کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران لەعێراق کە لە کۆتایی ساڵی (2021) دەربارەی حاڵەتەکانی نەبوونی رەگەزنامەو مەترسییەکانی نەبوونی لەعێراق لەلای کوردە فەیلییەکان و ئەوانەی رەگەزنامەیان نییە (البدون) یاخود کۆچەرییەکان ئەنجامدراوە. ئەوەی تایبەتە بە کوردانی فەیلی؛ لەتوێژینەوەکەدا (570) خێزانی کوردانی فەیلی (2410 کەس) وەك سامپڵی توێژینەوەکە وەرگیراون. (96%) یان رەگەزنامەی عێراقییان وەرگرتووەتەوە. تەنها (4%)یان هێشتا نەبوونەتە خاوەن رەگەزنامەی عێراقی. (مرکز البیدر للدراسات والتخگیگ، 2016). هەروەها بەگوێرەی لێدوانێکی (حیدر ستار مندلاوی) بۆ ئاژانسی (شەفەق نیوز) لە (15/1/2021) هەموو ئەو کوردە فەیلییانەی لەسەردەمی رژێمی پێشوو لەخانەقین و مەندەلی وبەدرە تەرحیل کرابوون رەگەزنامەی عێراقییان وەرگرتووە (اتهامات تگال الکورد الفیلیین فی خانقین، 2021). هەروەها بەگوێرەی لێدوانی فەرمی حکومەتی فێدراڵی عێراق (97%) کوردانی فەیلی رەگەزنامەی عێراقییان وەرگرتووەتەوە، بەڵام هیچ داتاو ئامارێکی فەرمی لەم بارەیەوە نەخستوەتە بەردەست. (Minority rights Group International,2017)

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا پرسی ستەمدیدەیی و مەینەتی کوردانی فەیلی و بێ بەشبوونیان لەزۆر مافی هاوڵاتی بوون ماوە. بەدانپیدانانی زۆربەی دەسەڵاتداران و سیاسییە باڵاکانی عێراق لەهەموو نەتەوەو مەزهەبەکان هێشتا کوردانی فەیلی مافی تەواوەتی خۆیانیان لەعێراقدا وەرنەگرتووە (العامری، 2022). بەگوێرەی راپۆرتێکی وەزارەتی دەرەوەو بازرگانی حکومەتی ئوسترالیا (DFAT,2023)و نوسینگەی ئەوروپی بۆ پاڵپشتی پەنابەران (European Asylum Support Office, 2020)) هێشتا بەشێکی کوردانی فەیلی رووبەڕووی زۆر گرفت دەبنەوە وەك (ئەوانەی رەگەزنامەی وەرگرتوەتەوە رەنگی جیاوازە ئەمەش وەك ئێرانی دەریان دەخات کە رەنگە توشی جیاکاری رەگەزیی و نەژادیان بکاتەوە، هەروەها بۆ گەڕاندنەوەی موڵك وماڵەکانیان هێشتا کۆسپی گەورە لەبەردەمیاندایە، لەهەموو قورستر ئەوەیە کە بۆ دەرکردنی رەگەزنامەی عێراقی پێویستە کوردانی فەیلی بەڵگەنامەی تۆماری ساڵی (1957)یان هەبێت ئەمەش کارێکی ئەستەمە، چونکە بەهۆی نەمان و فەوتانی بەشێکی زۆر لەو بەڵگەنامانە هێشتا ژمارەیەکی زۆری کوردانی فەیلی ناتوانن رەگەزنامەی عێراقی بەدەست بهێنن. سەرباری ئەمانە دۆکۆمینتو بەڵگەنامەی کوردانی فەیلی هێشتا لەبەشی بیانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی رەگەزنامەی عێراقی دانراوە). ئەمە جگە لەوەی بەهۆی هەڕەشەی تیرۆر و بوونی عەرەبی هاوردە لەشوێنی کوردانی فەیلیی هێشتا باجی قورس دەدەن و زۆربەی شوێنەکانی خۆیانیان بەجێهێشتووەو لەناوەندی فەزای خانەقین یاخود بەغدا یان هاتوەنەتە شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان. (نوری بێخاڵی، 2018).

## تەوەری دووەم: گرنگی شوێنی جوگرافی و دانیشتوانی قەزای خانەقین

### یەکەم: گرنگی شوێنی جوگرافی قەزای خانەقین


قەزای خانەقین لەبەرئەوەی شێوەیەکی درێژکۆڵەیی وەرگرتووە، بۆیە بووەتە ناوچەیەکی گواستراوە لەنێوان ئیدارەی هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، مەبەست لە

(ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم) ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە لەسەردەمی ڕژێمی پێشوودا ڕووبەڕووی کردەوەکانی گۆڕانکاری دیمۆگرافی و سیاسەتی بەعەربکردن و گۆڕانکاری لەباری دانیشتووان بوونەتەوە، ئەمەش لەڕێگای ڕاگواستن و شار بەدەرکردن و کۆچ پێکردنی تاکەکانی لەشوێنی نیشتەجێبوونیان وەك کۆچ پێکردن بە زۆرەملێ و نیشتەجێکردنی خەڵکانیتر لەشوێنیان، هەروەها داگیرکردنی سەروەت وسامان و زەویوزاریان و دەست بەسەرداگرتن بەنواندنی خاوەندارێتی بۆیان، و کوژاندنەوەی مافی مامەڵەکردن پێیان، ئەمە جگە لە قەدەغەکردنیان لەکارکردن یان لەڕێگەی ئەوەی کە پێی دەوترا ڕاستکردنەوەی نەتەوەیی، یاخود لەڕێگەی یاریکردن بە سنوورەکانی ئیدارەی ئەم ناوچانە، لەپێناو هێنانەدی ئەو ئامانجە سیاسیانەی کە ڕژێمی پێشوو بەنیازی بوو، هەربۆیە لەماوەی یاساییدا کار لەسەر ماددەی (140)ی ناوچە کێشە لەسەرەکان دەکرێت، کە دەکەوێتە نێوان بەرواری (17ی تەمموزی 1968) تاوەکو (9ی نیسانی 2003) (سەرکەوت عەبدوڵا حاجی پیرە، 2017، ل 120)، دانیشتووانی کورد بەگشتی و کوردانی فەیلی بەتایبەتی لەو بەشەی قەزای خانەقین کە دەکەوێتە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، کە ئەوانیش بریتین لە ناوەندی قەزا و هەردوو ناحیەی جەولەلا و سەعدییە، ڕووبەڕووی ئەم زنجیرە پرۆسە جینۆسایدە بوونەتەوە.

بە درێژای مێژووی گەلی کوردستان قەزای خانەقین بە حوکمی پێگە جوگرافییەکەی دەروازەیەکی گرنگی هاتوچۆ و ڕێڕەوی شاڵاوەکانی هێرش بووە لەنێوان دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانیدا، بەهۆی ئەوەی قەزای خانەقین دەکەوێتە نێوان ناوچەی دەشتی نیشتەنی و ناوچەی شاخاوی، بۆیە بووبوە ناوەندێکی بازرگانی و ئابووری گرنگ، هەروەها نەتەوەی کورد لەم دیو و ئەودیوی سنور بەیەکەوە دەبەستێتەوە و ڕۆڵێکی پەیوەندی گرنگ دەبینێت لەمانەوەی کەلتووری ناوچەی گەرمەسێردا، لەسەردەمی ئێستاشماندا دەروازەی باشووری هەرێمی کوردستانە بەڕووی کۆماری ئیسلامی ئێراندا و بەدرێژای (170)کم سنوور لەگەڵ ئێراندا پێکدەهێنێت، و پانتایی قەزای خانەقین لەخاڵی سەر سنوری ئێرانەوە تاوەکو کۆتایی سنووری کارگێڕی قەزای خانەقین لەبەرفراوانترین شوێنیدا دەگاتە نزیکە (75)کم، و هەر لەم سنوورەوە بەغدادی پایتەختی عێراق دوورییەکەی کەمترە لە (150)کم، بەمەش لەڕووانگەی جوگرافیای سەربازییەوە ئێران دەتوانێت بە ئاسانی بەغدادی پایتەخت بخاتە ژێر هەڕەشە و مەترسییەوە (جەزا تۆفیق تالب و هێمن نصرالدین، 2022، ل21).

ئەم شوێنە جوگرافییەی قەزای خانەقین لەپاڵ سنوورە ئەتنۆگرافیەکەی لەنێوان کورد و نیشتەجێبوونی لەباکوور و ڕۆژهەڵاتی، و لەنێوان ئەو عەرەبانەی بڵاوبوونەتەوە لەڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژئاوای تا ئێستاش دادەنرێت بە یەکێك لەدیارترین ئەو گرفتانەی کە هەیە لەنێوان کورد و حکومەتی ناوەندی، ئەمە سەرباری ئەوەی جوگرافیای بەغدا پاڵی نا بەفشار خستنە سەر خانەقین، لەبەرئەوەی نزیکترین هەرێمی کوردی پێکدەهێنێت لەپایتەخت، بەسەرجندان لە بەعەرەبکردنی خانەقین ئەوە دەردەکەوێت کە پاڵنەرەکانی بەغدا بۆ بەعەرەبکردنی خانەقین وێکچووی هەمان ئەو پاڵنەرانەن لە کەرکوك، دیارترینی ئەمانەش دۆزینەوەی نەوتە لەناوچەکەدا (سەرکەوت عەبدوڵا حاجی پیرە، 2017، ل 165).

لەڕووی بایەخی ستراتیجییەوە وەکو پێشتر ئاماژەی بۆکراوە قەزای خانەقین بایەخێکی جیۆستراتیجی و سەربازی گرنگی هەیە بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق بەو پێیەی زیاتر لە (170)کم سنووری لەگەڵ کۆماری




نەخشەی ژمارە (2) دابەشبوونی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای خانەقین

ئیسلامی ئێراندا هەیە و لەسەر سنووری نێودەوڵەتی ئێرانەوە کە سنووری کارگێڕی قەزای خانەقینیشە بەغدادی پایتەخت تەنها کەمتر لە (150)کم دووره، بەمەش بە بەردەوامی ئەم قەزایە جێگای بایەخی هەردوو حکومەتی عێراق و ئێران بووە، چونکە بەحکومی شێوەی جێۆپۆلەتیکی عێراق ئەم ناوچەیە وەکو (کەمەرەیەك)ی بەرتەسکی لێهاتووە و کاریگەرییەکەی لە هەر دووکاتی جەنگ و ئاشتیدا بەدەردەکەوێت.

هەروەها قەزای خانەقین بایەخێکی جیۆئابووری گرنگیشی هەیە بەوەی کە یەکەم لێدانی بیری نەوت لەهەرێمی کوردستاندا لەم قەزایەدا لێدراوە لەساڵی (1919)دا، و یەکەمین پاڵاوگەی نەوتیش لەعێراقدا لەساڵی (1927) هەر لەقەزای خانەقین بونیادنرا بەناوی پاڵاوگەی ئەڵوەند کە بەرهەمی ساڵانەی دەگەیشتە (43600) تەن (صلاح الدین انور منصور پیتولی، 2007، ص 48)، ناوچەی دەوڵەمەند بە نەوت لەناوچەی (چیاسۆرخ) لەباکورەوە دەستپێدەکات بەرەو (نەفتخانە) لەباشوورەوە. لەبواری بازرگانی و ئابوریشدا قەزای خانەقین دەروازەیەکی گرنگی هێڵی ترانزێتە بۆ مامەڵەی بازرگانی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان لەلایەك و کۆماری ئێران لەلایەکی تر، هەروەها لەدەروازەی مونزریەشەوە ساڵانە هەزاران گەشتیاری ئێرانی سەردانی شوێنە پیرۆزەکانی عێراق دەکەن.

لەڕووی کارگێرییەوە لەئێستادا جگە لەناوەندی قەزا هەریەکە لەناحیەکانی (مەیدان، قۆرەتوو، سەعدییە، جەلەولا) سەربە قەزای خانەقینن، بڕوانە نەخشەی ژمارە (2)، ڕووبەری گشتی قەزای خانەقین (3915 کم2)یە، کە ناوەندی قەزا لەڕیزبەندی پێشەوەیە و ڕووبەرەکەی (1288 کم2)، و پاشان ناحیەی قورەتوو دێت کە ڕووبەرەکەی دەکاتە (868 کم2)، ناحیەی سەعدییەش ڕووبەری دەکاتە (654 کم2)، و ناحیەی مەیدانیش ڕووبەرەکەی (638 کم2)یە، و بچوکترینیشیان ناحیەی جەلەولایە کە ڕووبەرەکەی دەکاتە (467 کم2) (جەزا تۆفیق تالب، 1999، ل223)، بڕوانە خشتەی ژمارە (1).

سەرچاوە/ کاری توێژەران بەپرۆگرامی (Arc Map GIS 10.8.1)، و بەپشت بەستن بە: وزارە التخطیط، الهیئة العامة للمساحة، بغداد، خریطه العراق الاداریة، قچاو خانقین, مقیاس الرسم 1: 500000.

| یەکە کارگێرییەکان | ڕووبەر بە (کم2) |
|---|---|
| ناوەندی قەزا | 1288 |
| ناحیەی قۆرەتوو | 868 |
| ناحیەی سەعدیە | 654 |
| ناحیەی مەیدان | 638 |
| ناحیەی جەلەولاو | 467 |
| کۆی گشتی | 3915 |

خشتەی (1) ڕووبەری یەکە کارگێڕییەکانی قەزای خانەقین بە (کم2)

سەرچاوە/ جەزا تۆفیق تاڵب، بایەخی جیۆپۆلەتیکیی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی یەکەم، 1999، ل223.

**دووەم: دانیشتوانی قەزای خانەقین**

دانیشتووانی قەزای خانەقین لەکۆنەوە تاکو ئێستا گۆڕانکاری زۆری بەخۆوە بینیوە، لەڕووی ژمارە و چڕی دانیشتووان و پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەوە، ئەو داتایانەی ئاماژە بە ژمارەی دانیشتووانی ناوچەکە دەکات لەکۆندا، لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسانەوە خەملێنراوە یان لەلایەن گەڕیدە بیانییەکانەوە بەگۆترە دانراوە، ئەوەی لەسەرچاوە کۆنەکاندا هاتووە بەتایبەت لە پەیماننامەی (السلوقی الیونانی) ساڵی (129 پ. ز) ژمارەی دانیشتووانی ناوچەکە بە (20) هەزار کەس دانراوە، بەڵام لەکتێبی کوردستان لەچاپی عوسمانییەکاندا ئاماژە بە (50) هەزار کەس کراوە، هەروەها ساڵی (1816) یەکێك لەگەڕیدە ڕۆژهەڵاتناسەکان ژمارەی دانیشتتوانی ناوچەکەی لەنێوان (10 - 12) هەزار کەس داناوە. بەڵام لەماوەی ساڵانی جەنگی جیهانی یەکەم (1914 1918-) ژمارەی دانیشتووانی ناوچەکە کەمی کرد بەهۆی هەژاری و برسێتی و نەخۆشییەوە، کە ژمارەی دانیشتووانی ناوچەی خانەقین لە (8636) کەس تێپەڕی نەدەکرد، تاکو ساڵی (1934) کە ژمارەی دانیشتتوانی تەنها شاری خانەقین گەیشتە (8900) کەس، بەڵام لەسەرژمێری ساڵی (1947) وەك یەکەم سەرژمێری ڕەسمی لەعێراق ژمارەی دانیشتووانی قەزای خانەقین گەیشتە (56799) کەس (صلاح الدین انور منصور پیتولی، 2007، ص 29)، پاشان لەسەرژمێری (1957)دا ژمارەی دانیشتووانی قەزاکە زیاددی کرد بۆ (57499) کەس و دوای هەشت ساڵ و لەسەرژمێری ساڵی (1965)دا ژمارەی دانیشتوان هەڵکشاوە و بووە بە (86070) کەس، بەڵام لەسەرژمێری ساڵی (1977)دا ژمارەی دانیشتوان گەیشتە (98566) کەس، و لەسەرژمێری ساڵی (1987) بۆ (102298) کەس بەرزبوویەوە، هەروەها ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی (2018)دا بەڕێژەیەکی کەم بەرزبووەتەوە بۆ (111966) کەس، بڕوانە خشتەی ژمار(2).

| ساڵ | ساڵ ژمارەی دانیشتوان |
|---|---|
| 1947 | 56799 |
| 1957 | 57499 |
| 1965 | 86070 |
| 1977 | 98566 |
| 1987 | 102298 |
| 2018 | 111966 |

خشتەی ژمارە (2) ژمارەی دانیشتوانی قەزای خانەقین بەپێی سەرژمێرییە فەرمییەکانی عێراق (-1947 2018)

**سەرچاوە:**

أ- وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الآحصائية لتسجيل عام 1957، لوائي ديالى والكوت، دار التضامن للتجارة و الطباعة و النشر، بغداد، 1961، الجداول رقم (22).

ب- وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للآحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة 1965، مطبعة الجهاز المركزي للآحصاء، بغداد، 1973، ص5.

ج- وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للآحصاء السكاني، نتائج التعداد العام للسكان السنة 1977، لمحافظة ديالى، مطبعة الجهاز المركزي للآحصاء، بغداد، 1978، ص30.

د- وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للآحصاء السكاني، نتائج التعداد العام للسكان لسنة 1987، لمحافظة ديالى، مطبعة الجهاز المركزي للآحصاء، بغداد، 1988، جداول رقم (22).

هـ- وزارة التخطيط - الجهاز المركزي للاحصاء، تقديرات سكان العراق (2015 - 2018)، مديرية احصاء السكان والقوى العاملة، 2018، ص260 و ص348.

سەبارەت بە پێکهاتەی نەتەوەیی قەزای خانەقین لە سەرژمێرییە گشتییەکانی عێراقدا دەتوانین چەند ڕاستیەکی دیمۆگرافی و نەتەوەیی بخەینەڕوو، پاشان لەدەرەنجامی ئەو ڕاستیانە و شیکردنەوەیان ڕاستی ئەو پرۆسە بەدناوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بە سیاسەتی (بەعەرەبکردن) ناسراوە و قەزای خانەقین بەر شاڵاو و لێشاوی یەکەمی بەعەرەبکردن بۆتەوە، ئەم سیاسەتە لەم سەرژمێریانەی کە دەخرێنەڕوو بەدەردەکەون (جەزا تۆفیق تالب و هێمن نصرالدین، 2022، ل 30-26). بڕوانە خشتەی ژمارە (3) و شێوەی ژمارە (1).

| نەتەوە | کورد | ڕێژەی (%) | عەرەب | ڕێژەی (%) | تورکمان | ڕێژەی (%) | ئەوانی تر | ڕێژەی (%) | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1957 | 33828 | 58,8 | 20992 | 36,5 | 2679 | 4,6 | - | - | 57499 |
| 1965 | 46735 | 54,3 | 30932 | 35,9 | 4882 | 5,7 | 3521 | 4,1 | 86070 |
| 1977 | 27001 | 27,4 | 67061 | 68 | 4004 | 4,1 | 500 | 0,6 | 98566 |


خشتەی (3) ژمارەی دانیشتوان و پێکهاتەی نەتەوەیی قەزای خانەقین بەپێی سەرژمێرییە فەرمییەکانی عێراق

**سەرچاوە:**

أ- د.خليل اسماعيل محمد، منطقة التخصر الحدودية بين العراق و ايران، دراسات في اثر الموقع على التركيب القومي للسكان، بدون اسم المطبعة، 1997، ص42.

ب- صلاح الدين انور منصور قيتولي، التحليل الجغرافي لسياسة التعريب في قضاء خانقين (دراسة في الجغرافية السياسة)، رسالة ماجستير (منشورة)، كلية العلوم الآنسانية، جامعة السليمانية، 2007، ص153.

ج- د.خليل اسماعيل محمد، التوزيع الجغرافي للكرد في قضاء خانقين، مجلة دراسات، العدد (1)، 1992، ص57.




شێوەی (1) ڕێژەی سەدی پێکهاتەی نەتەوەیی قەزای خانەقین بەپێی سەرژمێرییە فەرمییەکانی عێراق
سەرچاوە/ کاری توێژەران بەپشت بەستن بە خشتەی (3).

1- لەسەرژمێری ساڵی (1947)دا ڕێژەی کورد لەقەزای خانەقین (80,5%) بووە، کە لەو کاتەدا ژمارەی دانیشتوانی قەزای خانەقین (56799) کەس بووە.

2- لەسەرژمێری ساڵی (1957)دا پێکهاتەی نەتەوەی قەزای خانەقین گۆڕانکاری ڕیشەیی بەسەردا دێت، و ڕێژەی کورد دابەزیوە بۆ (58,8%)ی لەکۆی ژمارەی دانیشتوان، واتە بەڕێژەی (21,7%) کەمیکردووە و پرۆسەی سیاسەتی بە عەرەبکردنی قەزاکە بەچڕی دەستپێکردوە و جێبەجێکراوە، هەرچەندە بەهەموو ئەو ستەم و سیاسەتە شۆڤینیانەوە هێشتا هەر ڕێژەی کورد هەر ڕیزبەندی یەکەمی وەرگرتووە، بەڵام ڕێژەی عەرەبیش بووە بە (36,5%)ی دانیشتوانی قەزاکە و ڕێژەی تورکمانیش (4,6%) بووە.

3- لەسەرژمێری گشتی دانیشتوان لە ساڵی (1965)دا کە لە بارودۆخێکی سیاسی و سەربازی زۆر ئاڵۆزدا ئەنجامدرا و بەبۆچوونی پسپۆران بەخراپترین سەرژمێری دەژمێردرێت، چونکە هەرێمی کوردستان بەگشتی و قەزای خانەقین بەتایبەتی بوبووە مۆڵگەیەکی سەربازی گەورە و چەندین پێکدادانی سەربازی لەنێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سوپای عێراقدا لەناوچەکە ڕوویاندا، لەبەرئەوە کارێکی ئاسایە کە کاریگەری ئەو بارودۆخە ئاڵۆزە لەسەر دەرەنجامی سەرژمێرییەکە بە دەربکەوێت و ڕێژەی نەتەوەی کورد لە (58,8%)ەوە دابەزێت بۆ (54,3%) لە قەزای خانەقین، هەرچەندە ڕێژەی نەتەوەی عەرەبیش لە (36,5%)ەوە دابەزیوە بۆ (35.9%)، بەڵام لەم سەرژمێرییەدا ڕێژەی تورکمان و ئەوانی تر زیاددی کردووە، لێرەدا پرسیارێك دێتە گۆڕێ و دەڵێت بۆچی بەتەنها ڕێژەی کورد لە قەزای خانەقیندا نزم دەبێتەوە، وەڵام هۆکارەکە سیاسەتی بەعەرەکردنی قەزاکەیە و لە دەرەنجامیشدا ڕێژەی کورد بەرە و کەمکردنەوە دەبەن.

4- لەسەرژمێری ساڵی (1977)دا کە لەدوای نسکۆی شۆڕشی کوردەوە ئەنجامدرا، بەشێوەیەکی ئاشکرا گۆڕانکاری ڕیشەیی و مەترسیدار لە پێکهاتەی نەتەوەیی قەزای خانەقیندا بەدەردەکەوێت کە شێوازی گۆڕانکارییەکە هیچ لۆژیکێکی دیمۆگرافی و سیاسی قبوڵی ناکات و بەزەقی مەرامی سیاسی و دیمۆگرافی

حکومەتی بەعس لەهەرێمی کوردستان و ناوچە دابڕێندراوەکان و قەزای خانەقینیش بەتایبەت بە دەردەکەوێت، کاتێك لەماوەی نێوان دوو سەرژمێری گشتیدا کە دەکاتە (15 ساڵ) ڕێژەی نەتەوەی کورد (50%) کەمدەکرێتەوە، ئەویش کە لەساڵی (1965) ڕێژەی کورد لە قەزای خانەقین (54,3%)ەوە دابەزیووە بۆ (27,4%) لەکۆی ژمارەی دانیشتوان، ئەویش لەبەرژەوەندی نەتەوەی عەرەب بووە کە ڕێژەیان لە ساڵی (1965)دا لە (35,9%)ەوە بەرزبوەتەوە بۆ (68%)ی دانیشتوان لەساڵی (1977)دا، کەواتە مەرامەکە زۆر ئاشکراو دیارە و پیادەکردنی پرۆسەی سیاسەتی بەعەرەبکردنێکی نالۆژیکیە، کە بەچەندین شێواز هەوڵەکان خرانەگەڕ بەمەبەستی بەعەرەب کردنێکی یەکجارەکی قەزای خانەقین.

دەبینین ڕێژەی کورد لەسەرژمێری (1957) لە (58,8%)ەوە دابەزیوە بۆ (27,4%) لەسەرژمێری (1977)، ئەمە جگە لە فاکتەری بەعەرەبکردن و جینۆساید، بەشێکیان لەبنەچەدا ناونوس نەکراو و ڕاگواستراونەتەوە.

بێگومان کوردانی فەیلی لەناوچەی لێکۆڵینەوە لەبەرئەوەی وەك نەتەوەی کورد مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە بەشێکی زۆری ئەو گۆڕانە دیمۆگرافییانەی لەرێژەی بوونی کورددا کراوە؛ کوردانی فەیلی گرتوەتەوە. بەهۆی نەبوونی داتایەکی دروست لەمەڕ بوونی کوردانی فەیلی لەناوچەی لێکۆڵینەوە تەنها وەك نمونە رێژەیان لەسەرژمێری ساڵی ١٩٧٧) وەردەگرین بەم شیویە.

لەناوەندی قەزای خانەقین ڕێژەیان کەمبووتەوە بۆ (٠.٣%)و، لە ناحیەی جەلەولا (٥%)و، لەناحیەی سەعدیش بەتەواوەتی لەکوردانی فەیلی دامڵراوە. بڕوأنە خشتەی ژمارە (4).

| یەکەی کارگێڕی | ڕێژەی کوردانی فەیلی لەکۆی گشتی دانیشتوان% |
|---|---|
| ناوەندی قەزای خانەقین | 0.3 |
| ناحیەی جەلەولا | 5 |
| ناحیەی سەعدیە | 0 |
| کۆی گشتی | 5.3 |

خشتەی ژمارە (4) رێژەی کوردانی فەیلی لەکۆی گشتی ژمارەی دانیشتوانی قەزای خانەقین بۆ سەرژمێری ساڵی (1977).

سەرچاوە: خەلیل ئیسماعیل محەمەد، کوردە فەیلییەکان و خەونی گەڕانەوە بۆ وڵات، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە 8 حوزیرانی 1998، ل 111.

## تەوەری سێیەم: فاکتەرو جێکەوتەکانی جینۆسایدی کوردانی فەیلی لەناوچەی لێکۆڵینەوە

گرفتێکی گەورەی کوردانی فەیلی لەقەزای خانەقین یەکلاینەبوونەوەی شوناسی فەیلیبوونە. ئایا فەیلییەکان کێن؟ کام هۆزو عەشیرەت دەگرنەوە؟ ناوچەو گوندەکانیان کامەیە؟ هەڵبەتە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە قورسترین کارێکن کە لەتوانای ئەم توێژینەوەدا نییە یەکلاییان بکاتەوە لەبەر چەند هۆکارێك:

1- ئەو هۆزو عەشیرەتە کوردییانەی کە لەسەرچاوەکاندا وەك هۆز و عەشیرەتی کوردانی فەیلی

ئاماژەیان بۆ کراوە رەتیدەکەنەوە فەیلی بن. هەروەها (عەباس عەزاوی)یش پێ وایە کە کوردانی فەیلی بەشێوەیەکی پەرشو بڵاو لەزۆر ناوچەی عێراقدا هەن بەتایبەتی پارێزگاکانی (دیالە، بەغدا، کوت، عەمارە، بەسرە) (بەبێ ئەوەی ئاماژە بکاتە شوێنەکان بەوردی). گرفتەکە لەوەدایە ئەمان لەشێوەی هۆزو عەشیرەتدا بڵاونەبوونەتەوە، بەڵکو بەشێوەیەکی تاك و جیاجیا گردبونەتەوەو، لەهەندێك شوێندا زۆرینەیان پێکهێناوە ((عباس العزاوی، 2005، ص214).). هەروەها (دکتۆر خەلیل ئیسماعیل)یش بەداتا رێژەی بوونی کوردانی فەیلی لەهەموو شارەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانیش بەگوێرەی سەرژمێری ساڵی (1977) دیاری کردووە (خلیل اسماعیل محمد، 2013، ص11-10).

2- تێکەڵاویی کوردانی ناوچەکە لەگەڵ یەکتریدا بەشێوەیەکە نەتوانرێت لیکتریجیابکرێنەوە.

3- پیادەکردنی سیاسەتی شۆڤینیزمی پان عەرەبیزم (کۆچپێکردن، بەعەرەبکردن، داگیرکردن) لەلایەن دەسەڵاتدانی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقەوە دژ بەکوردانی ناوچەکە وایکردووە کە ئەستەم بێت تایبەتمەندییەکی جیاواز بدرێت بەکوردانی فەیلیی و لەتەواوی کوردانی دیکەی ناوچەکە، چونکە هەموویان وەك پێکهاتەیەکی نەتەوەیی- مەزهەبی مامەڵەیان لەگەڵدا کراوەو رووبەڕووی هەمان چارەنوسی کوردانی فەیلی بوونەتەوە.

4- نەبوونی داتایەکی ورد لەسەر کوردانی فەیلی لەناوچەکە. ئەو داتایانەی ئێمە بەدەستمان کەوت؛ لەراستیدا داتای باوەڕپێنەکراوبوون ئەوەش بەهۆی بەسیاسیبوون و بەمەزهەبی بوونی دۆسیەی کوردانی فەیلی لەقەزاکە. لەلایەکی دیکەوە دوای چەندین هەوڵدان چی لەرێگەی فەرمیی یاخود لەرێکەی پەیوەندی کۆمەڵایەتییەوە بێت نەمانتوانی ئامارێکی ورد لەسەر ژمارەی کوردانی فەیلی لە بەڕێوەبەرایەتی رەگەزنامەو باری شارستانی قەزاکە بەدەستبخەین.

بەڵام لەگەڵا ئەو راستیانەی سەرەوەشدا، بەشێوەیەکی نافەرمی توانیمان تاڕادەیەك رێژەی بوونی کوردانی فەیلی لەناوچەی لێکۆڵینەوە لەئێستادا بەم شێوەیە بەدەستبخەین: لەجەلەولا نزیکەی (-2000 دوو هەزار)، خانەقین نزیکەی (-15000 پازدە هەزار)، سەعدیە نزیکەی (-11000 یازدە هەزار). (بەرەی فەیلی-لقی خانەقین).بڕوانە خشتەی ژمارە (5).

| ناوچەی لێکۆڵینەوە | جەلەولا | خانەقین | سەعدیە | کۆی گشی |
|---|---|---|---|---|
| ژمارەی کوردانی فەیلی | 2000 | 15000 | 11000 | 28000 |

خشتەی ژمارە (5) ژمارەی دانیشتووانی کوردانی فەیلی لەقەزای خانەقین لەئێستادا

سەرچاوە: بەرەی فەیلی: لقی خانەقین. بەرواری سەردان (24/1/2023).

5- رووداوەکانی دوای (16 ئۆکتۆبەر) دۆخێکی جیاوازی لەقەزاکە دروستکردووە، رادەی بەعەرەبکردن و کۆچکردنی کوردان لەشوێنەکانی خۆیانەوە بۆ ناوەندی قەزاکەو شارەکانی دیکەی هەرێم بەرادیەك زیادیکردووە کە خەریکە سیمای کوردبوون لەناوچەکانی دەورووبەری خانەقین بەتایبەتی گوندەکان و ناحییەکانی (جەلەولاو سەعددیە) نەمێنێت. بەپێ لێدوانی (شێرکۆ توفیق) بەرپرسی رێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دیالە بۆ ماڵپەڕی (شفق نیوز)؛ (52) گوندی خانەقین و ناحییەکانی بەتەواوەتی

لەکورد داماڵراون و لەشوێنیان عەرەبی هاوردە دانراون (تعریب دیموغرافی متصاعد، 2022). هەروەها کشانەوەی هێزە کوردییەکان لەناوچەکە هەلێکی گەورەی بە هێزە عەرەبییەکان بەگشتی بەخشیوە کە دەستکراوەبن لەتەعریب کردن و سڕینەوەی هەر سیمایەکی ناوچەکە چی لەرێگەی بەکارهێنانی توندو تیژییەوە بێت بەشێوەیەکی راستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ یاخود لەرێگەی بەکارهێنانی بڕیار و یاساکانی رژێمی پێشوو وە بێت یاخود لەرێگەی راکێشانی هەستی مەزهەبی. ئەوەی تایبەتە بەکوردانی فەیلی لەرێگەی دامەزراندنی لیوایەکەوە بۆیان لیوای (110) حەشدی شەعبی ژمارەیەکی زۆری کوردانی فەیلی لەو لیوایەدان و هەلێکی کاری باشی پێبەخشیوون (چاوپێکەوتن» ئوسامە احمەد، 15/12/2022). هەموو ئەمانە وایانکردووە مەترسی گەورە لەسەر شوناسی نەتەوەیی کوردان بەگشتیی و کوردانی فەیلیی بەتایبەتی دروستبێت.

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بەپێ چەند سەرچاوەیەکی ئەکادیمی ناوچەکانی کوردانی فەیلی لەدوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە بەهۆی دیاریکردنی سنوری نێوان هەردوو وڵات (عێراق- ئێران)دا دابەشبوون. هەڵبەتە ئەم دابەشبوونەی ناوچەکانی کوردانی فەیلی بەدوور لەویستو خواستی خۆیان بووە، واتە هیچ پرسێك بەو هۆزو عەشیرەتانەی کوردانی فەیلی نەکراوە کە لەسنورەکەدا بەدرێژای مێژوو لێی نیشتەجێبوونە. سەرباری ئەمە؛ ناوچەی نیشتەجێبوونی کوردانی فەیلی لەقەزای خانەقین بە بەردەوامی لەسەر دەستی رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق گۆڕانی نەرێنی بەئاراستەی کەمبوونەوەی ناوچەکانیان هاتووە. بەمانایەکی دیکە، کوردانی فەیلی بەهۆی راگوێزان و تەعریبکردنی ناوچەکانیان دیپۆرتی ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق و بەشیکی زۆریشیان بەرەو وڵاتی ئێران کراون.

بێگومان فاکتەرگەلێکی هەمەجۆر لەپشت جینۆسایدی کوردنی فەیلییەوە هەیە. کۆی ئەم فاکتەرانە بەسەریەکەوە لەکات و شوێنی جیاوازدا لەناوچەکانی بوونی قورسی دیمۆگرافی کوردانی فەیلی بەرای توێژەران دەگەڕێتەوە بۆ چەکەرەبوون و باڵادەست بوونی بیری شۆفیزمی پان عەرەبیزم و دواتریش بەعسیزم لەعێراقدا.

**یەکەم/ فاکتەرەکانی جینۆسایدی کوردانی فەیلی لە قەزای خانەقین**

لەهەموو ئەوانەی لەسەرەوە باسکران دەتوانین بڵێین کە فاکتەرەکانی پشت جینۆسایدی کوردانی فەیلی لەقەزاکە دەگەڕێتەوە بۆ چەند فاکتەرێکی سەرەکی لەوانە:

1- فاکتەری نەتەوەیی: هەرچەندە ئامارێکی ورد لەبەردەستدا نییە بۆ زانینی ژمارەو رێژەی کوردانی فەیلی لەتەواوی عێراقدا، بەڵام هەندێك لەسەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ژمارەیان نزیك دەبێتەوە لە (1.5بۆ 2.5) ملیۆن کەس (Minority rights Group International,2017). بێگومان ئەمە قورسایەکی دیمۆگرافی بەکورد بەخشیوە لەم وڵاتەدا. لەگەڵ هەڵکشانی بیری پان عەربیزم و بیروباوەڕی عروبەیی عێراق بەتایبەتی بانگەشەکەرێکی عروبەیی توندڕەویی وەك (رەشید عالی گەیلانی)-وەزیر ناوخۆی عێراق لەسییەکانی سەدەی رابردوو- کە بە دەستپێشخەری تاکەکەسی ژمارەیەکی زۆری کوردانی فەیلی دیپۆرتی ئێران کرد. پاشان ئەم رەوتی سیما بەخشینەی عروبەیی بەعێراق لەسەر دەستی هەردوو برا (عبدالسلام و عبدالرحمن عارف) دیسانەوە بە پەنابردنە بەر پاساوی یاسایی نەبوونی رەگەزنامەی عێراق قۆناغێکی نوێ

بەخۆوە دەگرێت و دیسانەوە کوردانی فەیلی ژمارەیەکی زۆریان دیپۆرتی ئێران و وڵاتانی دیکە دەکرێنەوە. ئەم شەپۆلی عروبەییە لەسەردەمی دەسەڵاتی دووەمی بەعسییەکان (1968 - 2003) دەگاتە ترۆپك و، بەدەر لەهەموو بەها و پێوەرێکی یاسایی و مرۆیی و ماف وئازادییە گشتییەکانی مرۆڤ. پێدانی سیفەتی (شەعبەویی، تابۆری پێنجەم، پاشکۆیی ئێرانی) بەکوردانی فەیلی لەناو گوتاری سیاسی ودەسەڵاتدارانی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقدا هەمیشە ئامادەیی بووە. هەڵبەتە لێرەدا رەهەندی نەتەوەیی ئامادەیی قورسی هەبووە لەو راونگەیەوە کە کوردانی فەیلی هەمیشە لەناو بژافی رزگاری خوازی کوردیدا ئامادەیی بەرچاویان هەبووەو (سعد بشیر اسكندر، 2004، ص65-58)، پاڵپشت بوونە. بۆیە جینۆساید کردن و دیپۆرتکردن و دەرپەڕاندنی کوردانی فەیلی لەهەموو ناوچەکانی عێراق بەگشتیی و ناوچەی لێکۆڵینەوە بەتایبەتی رەهەندێکی نەتەوەیی بەخۆیەوە گرتووە بەئامانجی نەهێشتن یاخود کەمکردنەوەی قورسای دیموگرافی کورد لەناوچەکەو، لەهەمان کاتیشدا پەرەدان بە سیاسەتی بەعەربکردن و شێواندنی سیمای دیمۆگرافی ناوچەکە لەرووی نەتەوەییەوە بەقازانجی نەتەوەی عەرەب. هەردوو نوسەری دیاری شاری خانەقین ( ابراهیم باجەڵان و سەلام عبدالله) لەسەر هەمان بۆچوونن کە فاکتەری نەتەوەیی لەپێش هەموو فاکتەرەکانی دیکەوە دێن بۆ جینۆسایدی کوردانی فەیلی لەناوچەکە (چاوُیکەوتن: ابراهیم باجەڵان، 17/12/2022) . (چاوپیکەوتن: سەلام عەلی، 1/1/2023).

2- فاکتەری ئاینی- مەزهەبی: کوردانی فەیلی جگە لەوەی بەشێکی سەرەکیی و دانەبڕاوی گەلی کوردن، لەهەمان کاتیشدا زۆربەیان لەرووی ئاینییەوە سەر بەئایینی ئیسلامن و لەرووی مەزهەبیشەوە سەر بە مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامین. ئەم تایبەتمەندییەی کوردانی فایلی بەدرێژایی سەردەمی دەسەڵاتی عەرەبی- سونی لەعێراقدا تاوەکو (2003) بووەتە مایەی هەڕەشە بۆ سەر بوونیان. واتە ئەوان جارێك لەبەر کورد بوون و جارێکیش لەبەر شیعەیی بوون جینۆساید کراون. بەڵام لەپاش دروستبوونی عێراقی نوێ لەپاش ساڵی (2003) و باڵادەستبوونی پارتو لایەنەکانی پێکهاتەی شیعەو بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات بەجۆرێك لەجۆرەکان بارودۆخەکە لەبەرژەوەندی کوردانی فەیلی شکایەوە، هەر لەدەرکردنی یاسایی رەگەزنامەی عێراقیی و هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری (666) و پێدانی رەگەزنامەی عێراقی پێیان و، بەجینۆساید ناساندنی کەیسەکەیان. بەڵام هێشتا بەشێکی زۆری کوردانی فەیلی بێبەشکراون لەمافەکانی خۆیان (وەك وەرنەگرتنی رەگەزنامەی عێراقی لەلایەن هەندێکیانەوە بەهۆی ئەو مەرج و کۆتانەی لەسەر گەڕاندنەوەی رەگەزنامەی عێراقیبوون هەیە، نەگەڕانەوەی سەروەت سامانیان، کەیسی بێسەروشوێنەکانیان..هتد. بەکورتی دەتوانین بڵێین کە فاکتەری مەزهەبی فاکتەرێکی دیکە بوو لەپاڵ فاکتەری نەتەوەیی بۆ جینۆسایدی کوردانی فەیلی.

3- فاکتەری ئابووری: زۆربەی ئەو سەرچاوانەی لەسەر کوردانی فەیلی بەردەستن جەخت لەسەر پێگەی گەورەو گرنگی ئابووری ئەوان دەکەنەوە لە ژیانی ئابووری عێراقدا بەگشتی و شاری بەغدا بەتایبەتی. هەڵبەتە ئەمان جگە لەبەغدا، لەناوچەی توێژینەوەش بەهەمان شێوە رۆڵی بەرچاویان لە کاری ئاڵوگۆڕی بازرگانیدا گێڕاوە لەنێوان هەردوو وڵاتی عێراق و ئێران ئەمەش بەهۆی نزیکیان لە دەروازەو ناوچە سنورییەکانەوە. ئەمە جگە لەوەی بەکاری کشتوکاڵ کردن و ئاژەڵداریی و بازاڕگەرییەوە خەریك بوونە. لەهەموو ئەمانە گرنگتر ناوچەکانی کوردانی فەیلی بەگشتیی و ناوچەی لێکۆڵینەوە بەتایبەتی

حەوزگەڵیکی نەوتی لەخۆدەگرێت کە بەئاسۆیی لەهەردوو دیوی سنوری عێراق و، ستونی لەچیاسورخ لەباکووری شاری خانەقین بەرەو ناوچەی نەفتخانە لەباکووری شاری مەندەلی درێژبووەتەوە (خلیل اسماعیل محمد، 2013، ص24). هەر ئەمەش وایکرد کە دەسەڵاتدارانی حکومەتە جیاجیاکانی عێراق بەتایبەتی سەرانی رژێمی لەناوچووی بەعس ئەم پێگە ئابوورییەی کوردانی فەیلی بەهەڕەشەو مەترسی بۆ سەر خۆیان دابنێن. بۆیە ئامانجێکی دیکەی پشت جینۆسایدو دیپۆرتکردنی کوردانی فەیلی پەیوەندی بەرەهەندی ئابووریی و پیگەی گەورەی ئەوانەوە بوو لەناوەندە ئابورییە جیاجیاکاندا.

4- فاکتەری جیۆسیاسی: هەمیشە فاکتەری جیۆسیاسی رۆڵی گەورە لەهاوکێشە سیاسییەکان و پەیوەندییە ناوخۆیی ودەرەکییەکانی دەوڵەتدا دەگێڕێت. ئەم فاکتەرە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بەپرسی سیاسی سنورەوە هەیە. ناوچەکانی کوردانی فەیلیش کە لەناوچەکانی جەلەولا وخانەقین و مەندەلییەوە لەرۆژهەڵاتی عێراقەوە بۆ باشوری رۆژهەڵات درێژبووتەوەو هاوسنوری وڵاتی ئێرانە. لەزۆربەی سەردەمە مێژووییەکاندا پەیوەندییەکانی ئەم دوو وڵاتە خراپ و ئاڵۆزبووە تاوەکو گەیشتە ئاستی راگەیاندنی جەنگ کە بۆ ماوەی هەشت ساڵ درێژەی کێشا. لەپێش و ماوەی جەنگەکەدا رژێمی پێشووی عێراق بە بیانووی پاراستنی سنورەکانی بڕیاریدا بەقوڵای (10 - 20کم) سەرسنورەکانی چۆڵبکات و دانیشتوانی تیانەهێڵێت. بەهۆی ئەم بڕیارەوە بەشێکی زۆری گوندەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەر ئەم شاڵاوە کەوتن و دانیشتوانەکەی دیپۆرتی شارەکانی عێراق یاخود رەوانەی وڵاتی ئێران کران (رزگار سعید بشدری، 2009، ص 116-113). لەڕووی ناوخۆییشەوە لەبەرئەوەی کوردانی فەیلی لەقەزای خانەقین بەحوکمی شوێنی نیشتەجێبوونیان کە لەڕووی جوگرافیای سیاسییەوە بەناوچەی کەمەرە (تخصر) ناسراوە، و نزیك لەشاری بەغدادی پایتەختە، بۆیە پرۆسەی جینۆسایدکردنیان پەلەی تێداکراوە و جێبەجێکرا. هەربۆیە کوردانی فەیلی دیسانەوە بەهۆی بیری شۆفینزیمی عەرەبیی و گوتاری باڵادەستی حزبی بەعس زیانیکی زۆریان پیگەیشت و لەناوچەکانی خۆیان دەربەدەر و جینۆساید کران.

**دووەم/ جێکەوتەکانی جینۆسایدی کوردانی فەیلی لەقەزای خانەقین**

1- کەمکردنەوەی رێژەی نەتەوەی کورد بەگشتی و کوردانی فەیلی بەتایبەتی. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەوەیە کە لەبەر نەبوونی داتایەکی ڕاست و دروست لەسەر کوردانی فەیلی لەقەزای خانەقین، پشت بەڕێژەی نەتەوەی کورد دەبەسترێت لەسەرژمێرییە فەرمییەکانی عێراق بەپێی یەکە کارگێرییەکان، بۆ نموونە ئەگەر بەراوردی سەرژمێرییەکانی (1965) و (1977) بکرێت، دەبینین ڕێژەی کورد بەگشتی و لەچوارچێوەیدا کوردانی فەیلی بەتایبەتی کەمکردووە، بڕوانە خشتەی ژمارە (6) و نەخشەکانی ژمارە (3)، چونکە ساڵی (1975 بۆ 1977) هەموو گوندە کورد نشینەکانی سنوری قەزای خانەقین ڕاگوێزران و هەموو ناوچەکەش تەعریب کرا، بەجۆرێك هەر گوندە و بەئەندازەی ماڵە کوردەکان ماڵە عەرەبیان بۆ هێنا و لەشوێنی ئەواندا نیشتەجێکران، جگە لەوەش چەندین نشینگە (مستوطنە)ی تریان دروستکرد و ماڵە عەرەبیان بۆ هێنا، بەتایبەت لەناوەندی قەزای خانەقین، هەروەها ناوی هەموو گوند و شوێنەکانی قەزای خانەقینان لەکوردییەوە گۆڕی بۆ عەرەبی (ئەمین قادر مینە، 2012، ل241-239)، کەواتە ژمارەی دانیشتووانی کورد لەقەزاکەدا بەگشتیی و کوردانی فەیلی بەتایبەتی لەسەرژمێری (1997)دا، لەهەموو

کاتەکانی تر کەمتر بووە، بەجۆرێك ڕێژەی کوردانی فەیلی لەناوەندی قەزا دەکاتە (0,03%) لەکۆی گشتی کوردانی قەزای خانەقین، و ناحیەی جەلەولا دەکاتە (0,5%) و هەرسێ ناحیەکانی سەعدییە و قۆرەتوو و مەیدان بەتەواوی چۆڵبوون لەکوردانی فەیلی، کەواتە کۆی گشتی ژمارەی کوردانی فەیلی لەقەزاکەدا بۆ سەرژمێری (1977) دەکاتە (1358) کەس، ئەویش بەهۆی پەیڕەکردنی سیاسەتی ڕاگواستن و بەعەرەبکردن کە پێشتر ئاماژەی بۆکراوە.


| یەکەی کارگێڕی | سەرژمێری | ڕێژەی کورد (%) | ڕێژەی عەرەب (%) | ڕێژەی تورکمان (%) | ڕێژەی ئەوانی تر (%) | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ناوەندی قەزا | 1965 | 72,8 | 17,9 | 4,3 | 5 | 100 |
| | 1977 | 45 | 48 | 5,8 | 1,2 | 100 |
| ناحیەی مەیدان | 1965 | 72,9 | 26,2 | - | 0,9 | 100 |
| | 1977 | 1,2 | 98 | 0,1 | 0,7 | 100 |
| ناحیەی قۆرەتوو | 1965 | 93,6 | 5,7 | - | 0,7 | 100 |
| | 1977 | 5 | 94,7 | 0,03 | 0,27 | 100 |
| ناحیەی جەلەولا | 1965 | 20,3 | 67 | 8,7 | 4 | 100 |
| | 1977 | 19,8 | 76,9 | 2,4 | 0,9 | 100 |
| ناحیەی سەعدیە | 1965 | 22,3 | 63,8 | 9,3 | 4,6 | 100 |
| | 1977 | 27,3 | 68 | 4 | 0,7 | 100 |

خشتەی (6) ڕێژەی سەدی پێکهاتەی نەتەوایەتی دانیشتووانی قەزای خانەقین لەهەردوو سەرژمێری (1965) و (1977)دا

سەرچاوە: جەزا تۆفیق تالب، هێمن نصرالدین محمدامین، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دانیشتوانی قەزای خانەقین (لێکۆڵینەوەیەك لەجوگرافیای دانیشتوان)، گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، بەرگی 7، ژمارە 1، 2022، ل28و30.

سەرچاوە/ کاری توێژەران بەپرۆگرامی (Arc Map GIS 10.8)، و بەپشت بەستن بە خشتەی ژمارە (6).

لەو خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کەئاکامێکی گرنگی جینۆسایدی کوردانی فەیلی کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد بووە لەناوچەی لێکۆڵینەوە، لەبەرامبەریشدا زیادکردنی ڕێژەی عەرەب بۆ ئەوەی سیماو قولایی بوونی کورد لەناوچەکەدا تاڕادەی نەمان نەهێڵێت. بەپێی بڕیاری (ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوە) ژمارە (1469) لە (3/11/1981) لیژنەیەك پێکهێنرا بۆ فرۆشتنی خانوو وماڵی ڕاگواستراوەکان لەشاری خانەقین. هەروەها بەنوسراوی قایمقامیەتی شاری خانەقین ژمارە (3/42) لە (7/1/1999) کوردەکان دەبێت رابگوێزرێن و ماڵو موڵکیان بەسەر عەرەبە هاوردەکاندا دابەشبکرێن (خەلیل ئیسماعیل محەمەد، 2010، ل 290-288). ئەمانەو دەیان نوسراوی دیکە دەرخەری ئەوەن



نەخشەکانی ژمارە (3) ڕێژەی سەدی پێکهاتەی نەتەوەی کورد و عەرەب لەقەزای خانەقین لەهەردوو سەرژمێری (1965) و (1977)دا

کەراگواستن و دیپۆرتکردنی کورد بەگشتیی و کوردانی فەیلی بەتایبەتی لەناوچەی لێکۆلینەوە بەپلانێکی سیستەماتیك و شۆفێنی پان عەرەبیزمی سونە جێبەجیکراون.

2- دابڕینی ناوچەکە لە بەشەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، تێکدانی یەکێتی نەتەوەیی کورد هەمیشە یەکێك بووە لەو پرسە گرنگانەی کە لەبیرو لێکدانەوەی ئایدیۆلۆژیای فاشستی بەعسدا شوێنێکی بەرچاوی هەبووە. راگواستن و دیپۆرتکردنی کوردانی فەیلیش لەچوارچێوەی ئەم بیرکردنەوەیەدا ئامادەگییەکی گەورەی هەبووەو، لەم رێگەیەوە دەیویست پەیوەندییە سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی و سایکۆلۆژییەکانی بەپارچەکانی دیکەی کوردستانەوە بەتایبەتی رۆژهەڵاتی کوردستان نەمێنێت، واتە تێکدانی قوڵایی نەتەوەیی کورد لەعێراقدا (ئەمین قادر مینە، 2012، ل 182). لەبەرئەوەش فەیلییەکان درێژبوونەوەی لوڕی بچوکی کوردستانی رۆژهەڵاتن هەمیشە ئەمە بیانوویەك بوو بەدەست کاربەدەستانی حکومەتە یەك لەدواییەکەکانی عێراقەوە بەتایبەتی سەردەمی رژێمی بەعس (1968 - 2003) کەئەمان تاوانباری ئێرانیبوون بکات ولەم رێگەیەوە دایانبڕێت لەقوڵایی بوونی نەتەوەییان.

3- کەمکردنەوەی رێژەی مەزهەبی لەناوچەکە.

4- لاوازکردنی ژێرخانی ئابووریی و توانای ئابووری کورد لەناوچەکە بەگشتیی و کوردانی فەیلی بەتایبەتی.

5- لەرووی کلتوریی و رۆشنبیرییەوە کە بەشێوەیەکی گەورە ئەوانەی دیپۆرتی وڵاتی ئێران کراون و ئەوانەشی بۆ شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق راگوێزران گۆڕان بەجۆرێك لەهەندێك ناوچەدا لەترسی رانەگواستن و مانەوەیان زمانی دایکیان کەمتر بەکاردەهێنن تاوەکو ئاستی بیرچوونەوە.

6- لەرووی کۆمەڵایەتیی و پەروەردەو فێرکردنەوە: هەڵوەشاندنەوەی خێزانی کوردانی فەیلی لەرێگەی دەرکردنی بڕیارێکەوە سەبارەت بەوانەی کە هاوسەرەکانیان لەکوردانی فەیلییەو هاندانیان بۆ ئەوەی لێکترجیاببنەوە. لەپاڵ ئەمەدا، دیپۆرتکردنی بەشێکی زۆری کوردانی فەیلی بۆ وڵاتی ئێران بووە مایەی لێکترازانی شیرازەی خێزانی کوردانی فەیلی ئەمەش بووە هۆی زیادبوونی ژمارەیەکی زۆری بێوەژن و قەیرە کچ و هەتیوکەوتنی منداڵان و تێکچوونی سایکۆلۆژیای کوردانی فەیلی. بەگوێرەی ئامارێکی نافەرمی کە لە لایەن (بەرەی فەیلی- لقی خانەقین) وەرمانگرتووە. ژمارەی تەڵاقدراوەکان بەهۆی بەدەستنەهێنانی رەگەزنامەی عێراقییەوە نزیکەی (-3000 سێ هەزار) تەڵاقدراو هەیە. ژمارەی هەتیوکەوتووەکانیش نزیکەی (-2000 دوو هەزار) هەتیوو، ژمارەی بێوەژنانیش نزیکەی (-1000 هەزار) بێوەژن دەبن. بڕوانە خشتەی ژمارە (7).

| ناوچەی لێکۆڵینەوە | ژمارەی تەڵاقدراو | ژمارەی هەتیوو کەوتوو | ژمارەی بێوەژن |
|---|---|---|---|
| قەزای خانەقین | 3000 | 2000 | 1000 |

خشتەی ژمارە (7) ژمارەی (تەڵاقدراو هەتیوان و بێوەژنانی کوردانی فەیلی)

سەرچاوە: بەرەی فەیلی: لقی خانەقین. بەرواری سەردان (24/1/2023).

وێڕای ئەمانە ئەوانەی دیپۆرتی وڵاتی ئێران کران بەهۆی جیاوازی زمان و سیستەمی خوێندن لەلایەك

و، نەبوونی ڕەگەزنامەو بەڵگەنامەی هاوڵاتیبوونی ئێرانی نەیانتوانی منداڵەکانیان بخەبەر خوێندن و ئەوانەش کە لەقوتابخانە بوون خوێندنەکەیان تەواو بکەن. بەم هۆیەوە کوردانی فەیلی لەرووی پەروەردە فێرکردنەوە رووبەڕووی گەورەترین ستەم بوونەوەو لەو مافە سەرەتاییە بێبەشکران. دەرئەنجامی ئەمەش لەدواجاردا زۆربوونی ژمارەیەکی زۆری ئەوانەبوون کە نەیانتوانی ئاستەکانی خوێندن ببڕن و بڕوانامە بەدەستبهێنن (پناو عبدالعلی داراب و ژکری عبدالمنعم ابراهیم، 2021، ص 511).

7- قۆستنەوەی کەیسی کوردانی فەیلیی و بەسیاسیبوونی لەناوچەکە. واتە چی لەرووی مەزهەبی یاخود نەتەوەیی یاخود خودی (کوردانی فەیلیی). بەمانایەکی دیکە پارتە شیعییەکان دەیانەوێت لەرێگەی راکێشانی هەستی مەزهەبییەوە کار لەسەر راکێشانی دڵسۆزی (الولاو) کوردانی فەیلی بەلای خۆیاندا بکەن. لەسەردانە مەیدانییەکانماندا بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە ئەمەمان بەروونی بۆ دەرکەوت. لەرووی نەتەوەیشەوە حزبە کوردستانییەکان هەرچەندە بەشێوەیەکی فەرمی وەك ستراتیژێکی نەتەوەیی ئەوە رەتدەکەنەوە کە کوردانی فەیلی وەك پێکهاتەیەك لەنەتەوەی کوردیان جیابکەنەوە بەڵکو وەك کورد مامەڵەیان لەگەڵدا کراوەو دەکرێت. ئەگەر سەیری ناو دەستەبژێری حزبە کوردییەکان بکەین ژمارەیەکی زۆر لەکوردانی فەیلی لەناو ئەو حزبانەدا بەتایبەتی (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان وپارتی دیموکراتی کوردستان) پێگەی باڵاو گرنگیان هەبووە و هەیە، بەڵام گرفتی گەورە ئەوەیە ناکۆکیی و ململانێی حزبە کوردییەکان بەتایبەتی ئەو دوو حزبەی لەسەرەوە ناومان بردن بەهەمان شێوە گواستراوەتەوە ناو کوردانی فەیلی لەناوچەکەدا. جگە لەوانە لەئێستادا بەشێك لەکوردانی فەیلی خۆیان دەیانەوێت وەك پێکهاتەیەکی جیا خۆیان پێناسەبکەن و بەشداری لەکاری سیاسیدا بکەن چی لەسەر ئاستی حکومەتی فیدراڵی یاخود حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت.

8- لەرووی یاساییەوە: گرفتێکی گەورەی بەردەم ئەو کوردە فەیلییانەی کە بەڵگەنامەی پێویستیان نییە یاخود بەڵگەنامەکانیان کۆنە لەکاتی سەردانی فەرمانگەکانی رەگەزنامە ئەوەیە کە ناتوانن بەئاسانی رەگەزنامەی عێراقیان بۆ بگەڕێنرێتەوە. بۆیە یاسای رەگەزنامەی عێراقی ژمارە (26) ی ساڵی (2006) چەند مەرجێکی قورسی لەبەردەم ئەوانەدا داناوە کە رەگەزنامەی عێراقییان لێسەندراوەتەوە یاخود هەر لەبنەڕەتەوە بەهۆی بارودۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتییو رۆشنبیرییەوە خاوەن رەگەزنامەی عێراقی نەبوون.

## دەرئەنجام:

لەکۆی گشتی ئەوانەی لەسەرەوە باسکران توێژینەوەکە گەیشتە چەند ئەنجامێکی گرنگ لەوانە:

1- کوردانی فەیلی بەشێکی دانەبڕاو و سەرەکیی گەلی کوردن و لەدێر زەمانەوە لەناوچەکانی خۆیان ژیاون. واتە خەلکانی نامۆنین و دانیشتوانی رەسەنی ناوچەکەن. ئەمەش پێچەوانەی کردەوەکانی رژێمە یەك لەدوایی یەکەکانی عێراق بوو کە پێیان وابوو ئەوانە دانیشتوانی ناوچەکە نین و، بە پاشکۆ و هاوڵاتی بێگانە تەماشا دەکران.

2- کوردانی فەیلی لەدوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە تاوەکو روخانی رژێمی پێشووی عێراق و تەنانەت دوای ئەوەش رووبەڕووی هەموو جۆرەکانی جینۆساید بوونەتەوە.

3- بەپێی سەرژمێرییە فەرمییەکانی عێراق هەمیشە ڕێژەی کوردانی فەیلی لەداکشاندا بووە بەجۆرێك لەهەندێك ناوچەدا و لەهەندێك کاتدا بەتەواوەتی نەماون وەك ئەوەی لەسەرژمێری (1977) لەناحیەی (سەعدیە)دا بەدیدەکرێت.

4- فاکتەرە سەرەکییەکانی جینۆسایدی کوردانی فەیلی لەناوچەکەدا بریتبوون لە فاکتەری (نەتەوەیی، مەزهەبی، ئابووری، جیۆسیاسی).

5- دیارترین جێکەوتەکانی جینۆسایدی کوردانی فەیلی لەناوچەکەدا کە کاریگەری گەورەی لەسەریان هەبوو بریتبوون لە (کەمکردنەوەی رێژەی بوونی کورد لەناوچەکە، دابڕانی ناوچەکە لە بەشەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، کێشە کۆمەڵایەتیی وشارستانیی و یاساییەکان).

## پێشنیار

1- کارکردن بۆ سڕینەوەی جێکەوتە نێگەتیڤەکانی جینۆسایدی کوردانی فەیلیی لەناوچەکەدا.

2- گرنگی دان بەکەیسی کوردانی فەیلی بەگشتیی و کوردانی فەیلی ناوچەکە بەتایبەتی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارت و رێکخراوە کوردییەکان.

3- هەماهەنگی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ بۆ چارەسەکردنی کێشەی پێدانی ناسنامەو گەڕانەوەی ئەو موڵك وماڵەی کە لەکاتی راگواستن و دیپۆرتکردنیاندا دەستیان بەسەردا گیراوە.

4- کارکردن بۆ بەیاسایی بوونی کەیسی کوردانی فەیلیی ودەرکردنی لەچوارچێوەی سیاسیی.

5- هەمواركردنەوەی یاسای رەگەزنامەی عێراقی ژمارە (26) ی ساڵی (2006) بەجۆرێك كە ئەو مەرجە قورسانە هەڵبگرێت کەبوونەتە رێگر لەبەردەم وەرگرتنەوەی رەگەزنامەی عێراقی بۆ کوردانی فەیلی.

## سەرچاوەکان

**یەکەم: سەرچاوەکان بەزمان کوردی**

**أ- کتێب:**

1- مینە، ئەمین قادر (2012): ئەمنی ستراتیجیی و سێکۆچکەی بەعسیان: تەرحیل- تەعریب- تەبعیس. سلێمانی: لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیرانی (ی.ن.ك).

2- پیرە، سەرکەوت عەبدوڵا حاجی (2017): شوێنی جوگرافی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و کاریگەرییان لەسەر دۆزی کورد لەعێراق. سلێمانی: چاپخانەی یاد.

3- محەمەد، خەلیل ئیسماعیل (2010): کێشەی کورد لەعێراق کێشەی سنورە سان بوون؟ و: عەبدوڵا رەشید حسین. هەولێر: دەزگای توێژینەوەو بلاوکردنەوەی موکریانی.

4- تاڵب، جەزا تۆفیق (1999): بایەخی جیۆپۆلەتیکیی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق. سلێمانی: بڵاوکراوەکانی سەنتەری ستراتیجی کوردستان.

**ب- گۆڤارەکان**

1- محەمەد، خەلیل ئیسماعیل (1998): کوردە فەیلییەکان و خەونی گەڕانەوە بۆ وڵات، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە 8. 111-108.

2- تاڵب، جەزا تۆفیق و محمدامین، هێمن نصرالدین (2022): شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دانیشتوانی قەزای خانەقین (لێکۆڵینەوەیەك لەجوگرافیای دانیشتوان): گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، بەرگی 7، ژمارە 1، ل33-18.

**ج- چاوپێکەوتن**

1- چاوپێکەوتن لەگەڵ نوسەرو رۆشنبیری دیاری شاری خانەقین (ئیبراهیم باجەڵان) لەماڵی خۆیان، لەبەرواری (17/12/2022).

2- چاوپێکەوتن لەگەڵ رۆشنبیرو چالاکوانی مەدەنی شاری خانەقین (سەلام عەلی)، لەبەرواری (1/1/2023).

3- چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئوسامە احمد ئەکەوازی) بەرپرسی (ناوەندی رۆشنبیری فەیلی- لقی خانەقین- دیالە لەبەرواری (15/12/2022).

**د- ئینتەرنێت**

1- جینۆساید: لەسەر ماڵپەڕی ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتی:

https://kc-interlaw.org/KU/DetailGlossary.aspx?jimare=92

2- جەبار، ئاسۆ (2016): کۆمەڵکوژی و راگواستنی کوردە فەیلییەکان: راپۆرتی رادیۆی دەنگی ئەمریکا لەسەر ماڵپەڕی فەرمی رادوێکە لەسەر تۆرەکانی ئینتەرنێت: (12/5/2016)

https://www.dengiamerika.com/a/kurdistan/3327752.html

3- بیخاڵی، نوری (2018): کوردە فەیلییەکان لەنێوان شۆڤێنیزمی عەرەبی و خەمساردیی کورددا، لەسەر ماڵپەری باس نیوز: 26/6/2018: https://www.basnews.com/so/babat/447278

**دووەم: سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی**

أ- کتێب

1- احمد، طالب جبار (1997): الحياة الاجتماعية في المهجر. فرنسا: بنك المعلومات العراقي.

2- أبو صيبع، عبد الرسول كريم و الجابري، هناء حمودي (2017): جريمة الإبادة الجماعية ومبدأ الشرعية في القانون الدولي الجنائي، مجلة آداب كوفة، العدد (30).

3- شو، مارتن (2017)، الإبادة الجماعية: مفهومها وجذورها و تطورها وأين حدث، ت: محيي الدين حميدي. المملكة العربية السعودية الرياض: العبيكان للنشر.

4- العلوي، زكي جعفر الفيلي (2009): تاريخ الكرد الفيليون وآفاق المستقبل: دراسة في الجذور التاريخية والجغرافية ومراحل النضال، بلا اسم ومكان مطبعة.

5- محمد، خليل اسماعيل (2013): الكرد الفيليون بين حملات التسفير وسياسة التهجير. السليمانية: منشورات مكتبة ماركريت، ط2.

6- مطر، سليم (2003): جدل الهويات: عرب- اكراد- تركمان- سريان- يزيدية (صراع الانتماءات في العراق والشرق الاوسط). بيروت: المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ط1.

7- الفضل، منذر (2004): دراسات حول القضية الكردية ومستقبل العراق. اربيل: دار ئاراس للطباعة والنشر،، ط2.

8- الفيلي، ناصر احمد (2012): الفيليون: الاصالة التاريخية والمواطنة المهدورة. اربيل: دار ئاراس للطباعة والنشر.

9- المراياتي، كامل جاسم (2012): واقع مشكلات الاثنيات والاقليات في العراق. بغداد: بيت الحكمة.

10- المحامي، عباس العزاوي (2005): موسوعة عشائر العراق: الكردية: يبحث في اصل العشائر الكردية وتفرعاتها ومواطن سكنها ومايتعلق بسائر احوالها التاريخية والحاضرة: المجلد الرابع. بيروت- لبنان: دار العربية للموسوعات.

11- اسكندر، سعد بشير (2004): الكرد الفيليون وحزب البعث (1963 - 2003). السليمانية: منشورات مكتب الفكر والتوعية في الاتحاد الوطني الكردستاني.

12- بشدري، رزطار سعيد (2009): الهجرة والتغيير الديموغرافي وخطط التنمية في العراق: اقليم كوردستان نموذجا. السليمانية: مطبعة رنج.

13- جيبسون، جون أس (1999): معجم قانون الانسان العلمي، ت: سمير عزت نصار. عمان: دانر النسر للنشر والتوزيع.

**ب- گۆڤارەکان**

1- جريدة الوقائع العراقية، الجريدة الرسمية لجمهورية العراق. قرار مجلس الوزراء رقم 426 لسنة 2010: العدد (4171)، 27/12/2010.

2- السورةميري، ماجد (2009): محكمة الجنايات العليا ومظلومية الكورد الفيليين، مجلة فيلي، العدد (40). 17-10.

3- داراب، ثناء عبد علي هادي و ابراهيم، ذكري عبدالمنعم (2021): الأكراد الفيلية: جدل الهوية والاندماج: دراسة انثروبولوجيا في محافظة واسط. جامعة بغداد: كلية الآداب: مجلة الاداب، ملحق (1) العدد (139). 516-499.

**ج- تێزە ئەكادیمییەكان**

1- قيتولي، صلاح الدين انور (2007): «منصور التحليل الجغرافي لسياسة التعريب في قضاء خانقين (دراسة في الجغرافية السياسة)»: رسالة ماجستير (منشورة)، كلية العلوم الآنسانية، جامعة السليمانية.

**د- ئینتەرنێت**

1- مفوضية الأمم المتحدة السامية لحقوق الإنسان:

https://www.ohchr.org/ar/instruments-mechanisms/instruments/convention-prevention-and-punishment-crime-genocide

2-فيلي، رياض جاسم محمد (2008): ثورة 14 تموز والزعيم والكرد الفيليين، الحوار المتمدن، العدد (2339) في (11/7/2008) منشور علي الرابط الالكتروني:

.https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=140566

3- فيلي، رياض جاسم محمد (2007): قضية الكورد الفيليين وابعاد معاناتهم وتسفيرهم في ظل التشريع العراقي، الحوار المتمدن، العدد (2036) في (12/9/2007) منشور علي الرابط الالكتروني:

https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=108601

4- مركز البيدر للدراسات والتخطيط (2022): حالات انعدام الجنسية و مخاطر غيابها في العراق: مجتمعات الأكراد الفيليين و البدون،: علي الموقع الالكتروني:24/11/2022: https://2u.pw/7uHhuU

5- اتهامات تطال الكورد الفيليين في خانقين وهذه هي القصة الكاملة (2021)، علي الموقع الالكتروني15/1/2021: https://2u.pw/W2gXYv

6- العامري: الكورد الفيليون تعرضوا لظلم ثلاثي بسبب انتمائهم ولم يحصلوا علي حقوقهم حتي الآن (2022)، علي الموقع الالكتروني 26/11/2022: https://2u.pw/4AAqLH

7- شفق نيوز، تعريب ديموغرافي متصاعد: 52 قرية في خانقين وتوابعها أفرغت من الكورد (2022-11-07): https://2u.pw/22ikPD

8- الأكراد الفيليون يطالبون بأعادة الجنسية العراقية لهم، قناة الحرة الفضائية:

ht tps://www.youtube.com/watch?v=Z8fBsBGM-cE .17/3/2019

**سێیەم: سەرچاوەكان بەزمانی ئینگلیزی**

أ- راپۆرتی ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكان

1-International, Minority rights Group (2017): World Directory of Minorities and Indigenous Peoples, IRAQ, Faili kurds,11/2017. From

.https://2u.pw/Y02jfF

European Asylum Support Office(2019): Ethnoreligious minorities and stateless
2-persons (January 2019 –August 2020). From
.https://2u.pw/9FEfXg
3-DFAT, Country Information Report Iraq – JANUARY 2023. From https://2u.pw/az3oym